كــــردي

# شەست پرسیار سەبارەت بە حوکمەکانی سووڕی مانگانە و زەیستانی




نووسینی:

موحەمەد صالح العثیمین

-ڕەحمەتی خوای لێبێت-



جمعية
خدمة المحتوى الإسلامي
باللغات

Islamhouse.com

جمعية
الدعوة والإرشاد وتوعية
الجاليات بالربوة

بسم الله الرحمن الرحيم

# شەست پرسیار سەبارەت بە حوكمەكانی سووڕی مانگانە -حەیز- و زەیستانی -نیفاس-


نووسینی:

زانای پایەبەرز: موحەمەد صالح العثیمین

-ڕەحمەتی خوای لێبێت-

شركاء التنفيذ:

دار الإسلام جمعية الربوة رواد الترجمة المحتوى الإسلامي

يتاح طباعة هذا الإصدار ونشره بأي وسيلة مع الالتزام بالإشارة إلى المصدر وعدم التغيير في النص.

Telephone: +966114454900
ceo@rabwah.sa
P.O.BOX: 29465
RIYADH: 11557
www.islamhouse.com

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

# پێشەکی

الحمد لله، وسـەڵات وسـەلام لەسـەر پێغەمبەری خودا موحەممەدی کوڕی عبداللە وئەهلی بەیتی وهاوەڵانی وئەوانەی لەسـەر ڕێبازی ئەون هەتا ڕۆژی قیامەت، پاشان:

خوشکی مسوڵمان!

بەهۆی زۆری ئەو پرســیارانەی لەزانایان دەکرێت ســەبارەت بە حوکمەکانی سووڕی مانگانە لە پەرستنەکان، پێمان باش بوو ئەو پرسیارانە کۆ بکەینەوە کە زۆر دووبارە دەبنەوە ودەکرێن بەبێ فراوانی لەباســکردندا، ئەمیش بۆ باسکردنی بەپوختی.

خوشکی مسوڵمان!

ســوور بووین لەســەر کۆکردنەوەیان؛ بۆئەوەی لەبەردەســتتدا بێت بەبەردەوامی، وئەمیش بەهۆی گرنگی فیقهـــ لە شـەرعی خوادا، وبۆئەوەی خوای گەورە بپەرستیت بە زانست وچاوڕۆشنیەوە.

ئاگادارکردنەوە: لەوەیە ئەو کەســەی یەکەمجار کتێبەکە دەخوێنێتەوە پێی وابێت پرســیارەکان دووبارەن، بەڵام پاش تێڕوانین بۆی دەردەکەوێت کە زانســتی زیاتر هەیە لە هەر وەڵامدانەوەیەکدا کە لەوی تردا نییە، وپێمان باش بوو پشت گوێیان نەخەین.

وصلى الله وسلم على نبيّنا محمدٍ وآله وصحبه أجمعين.

*******

# لە حوکمەکانی حەیز -سوڕی مانگانە- لە نوێژ و ڕۆژوودا

**پ١: ئەگەر ئافرەت ڕاستەوخۆ پاک بوویەوە لەپاش دەرکەوتنی بەرە بەیان ئایا خۆی بگرێتەوە لەو شتانەی ڕۆژوو دەشکێنن وئەو ڕۆژە بەڕۆژوو بێت؟ بەم شێوەیە ئەو ڕۆژە ڕۆژووی گرتووە، یان ئەو ڕۆژەی لەسەر دەمێنێت ودەبێت بیگرێتەوە؟**

و١: ئەگەر ئافرەت پاکبوویەوە پاش دەرکەوتنی بەرە بەیان ، زانایان سـەبارەت بە خۆگرتنەوەی لەو شتانەی ڕۆژوو دەشکێنن ، دوو بۆچوونیان هەیە:

وتەی یەکەم: دەبێت هەموو ڕۆژەکە خۆی بگرێتەوە -ڕۆژوو بگرێت-، بەڵام بۆی حســێب ناکرێت، بەڵکو واجبە لەســەری ئەو ڕۆژە بگرێتەوە، وئەمە بەناوبانگترینە لە مەزهەبی ئیمام ئەحمەد -ڕەحمەتی خوای لێبێت-.

وتەی دووەم: لەســەری نیە خۆی بگرێتەوە لە تەواوی ڕۆژەکەدا؛ چونکە ڕۆژێکە ڕۆژووگرتنی تێیدا دروست نیە؛ لەبەرئەوەی لەسەرەتای ڕۆژدا حەیزدار بووە ولە ئەوانە نیە کە ڕۆژووی لەســەر بێت، وئەگەر ڕۆژووگرتنی دروســت نەبێـت ئەوا خۆگرتنەوەی هیچ ســوودێکی نیە لەتەواوی ڕۆژەکەدا، ئەم ماوەیە تێیدا داواکراو نیە بەڕۆژوو بێت بەڵکو داواکراوە لەســەرەتای ڕۆژەوە بەڕۆژوو نەبێت، کەواتە حەرامە لەســەری لەســەرەتای ڕۆژەوە بەڕۆژوو بێت چونکە لە حەیزدایە، وڕۆژووگرتنی شـەرعی: بریتیە لە خۆگرتنەوە لەو شتانەی ڕۆژوو دەشکێنن بەمەبەستی پەرستنی خوای گەورە -عز وجل- لەدەرکەوتنی بەرە بەیانەوە هەتاوەکو خۆر ئاوابوون.

وئەم وتەیە -هەروەکو دەیبینیت- پەسەندترە لە وتەی پابەند بوون بەخۆگرتنەوە لەو ڕۆژەدا، و لەسەر بۆچوونی هەردوولا دەبێت ئەو ڕۆژە بگرێتەوە -لەپاش مانگی ڕەمەزان-.

**پ٢: ئەگەر ئافرەتی حەیزدار پاکبوویەوە، وخۆی شۆرد پاش نوێژی بەیانی، ونوێژی کرد، وبەردەوام بوو لەسەر ڕۆژووگرتنی ئەو ڕۆژە، ئایا واجبە ئەو ڕۆژە بە قەزا بگێڕێتەوە؟**

و٢: ئەگەر ئافرەتی حەیزدار پاک بوویەوە پێش دەرکەوتنی بەرە بەیان ئەگەر بە یەک خولەکیش بێت، بەڵام دڵنیا بوو لەوەی پاکە، ئەوا ئەگەر لە ڕەمەزاندا بوو دەبێت ڕۆژوو بگرێت، وڕۆژووگرتنی ئەو ڕۆژەی دروستە، و لەسەری نیە ڕۆژووی ئەو ڕۆژە بگرێتەوە؛ چونکە ڕۆژووی گرتووە لەکاتێکدا پاک بووە، ئەگەرچیش خۆی نەشۆردبێت هەتا پاش دەرکەوتنی بەرە بەیان. هەروەکو چۆن ئەگەر پیاو لەشگران بوو بەهۆی جووتبوون یان بەهۆی خەوتنەوە، وپارشێوی کرد، وخۆی نەشۆرد هەتا پاش دەرکەوتنی بەرە بەیان؛ لەم حاڵەتەدا ڕۆژووەکەی دروستە وهیچی لەسەر نییە.

بەم بۆنەیە دەمەوێت تێبینی بدەم سەبارەت بە شتێکی تر لای ئافرەتان کاتێک تووشی سوڕی مانگانە دەبێت لەکاتێکدا بەڕۆژووە لەو ڕۆژەدا، هەندێک لەئافرەتان پێیان وایە ئەگەر تووشی سوڕی مانگانە بوون لەپاش ڕۆژوو شکاندنی لەئێوارە وپێش ئەوەی نوێژی عیشا بکات ئەوا ڕۆژووەکەیان بەتاڵ بووەتەوە، وئەمیش هیچ بنچینەیەکی نیە، بەڵکو سوڕی مانگانە ئەگەر تووشی بوو لەپاش مەغریب ئەگەرچیش بەماوەیەکی کەم بێت ئەوا ڕۆژووەکەی تەواو ودروستە.

**پ٣: ئایا واجبە لەسەر ئەو ئافرەتەی تووشی زەیستانی بووە کە ڕۆژوو بگرێت ونوێژ بکات ئەگەر پاک بوویەوە پێش چل ڕۆژ؟**

و٣: بەڵێ، هەرکاتێک ئافرەتی زەیســـتانیدار پاک بوویەوە پێش چل ڕۆژ ئەوا دەبێت ڕۆژوو بگرێت ئەگەر لەڕەمەزانـدا بوو، و واجبە نوێژ بکـات، وڕێگەی پێدراوە ســەرجێیی بکات لەگەڵ مێردەکەی؛ چونکە پاکە وئەو شـتانەی تێدا نیە کە دەبێتە هۆی ڕێگرتن لە ڕۆژووگرتن و نوێژکردن و ســـەرجێیی کردن لەگەڵ مێردەکەی.

**پ٤: ئەگەر ئافرەت سوڕی مانگانەکەی هەشت یان حەوت ڕۆژ بوو، پاشان بەردەوام بەم شێوەیە ؛ و یەک جار یان دوو جار زیاتر بوو لەم ماوەیە، ئەمە حوکمی چیە؟**

و٤: ئەگەر ســوڕی مانگانەی ئەم ئافرەتە شـەش یان حەوت ڕۆژ بوو، پاشـان ئەم ماوەیە درێژ بوویەوە بۆ هەشـــت یان نۆ یان دە یان یانزە ڕۆژ ئەوا نوێژ ناکات هەتاوەکو پاک دەبێتەوە، چونکە پێغەمبەر -صـلی الله علیە وسـلم- کاتێکی دیاریکراوی دەسـتنیشـان نەکردووە بۆ ماوەی سـوڕی مانگانە، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى﴾

واتە: ﴿(ئەی پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) پرسیارت لێدەکەن دەربارەی (سوڕی -عادەتی- مانگانەی ئافرەت) پێیان بڵێ: ئەوە ئازارو زەرەرە﴾.

ئەگەر خوێنی سوڕی مانگانە بەردەوام بێت ئەوا ئافرەت لەسەر حاڵەتەکەی خۆیەتی هەتاوەکو پاک دەبێتەوە، وخۆی دەشـــوات، پاشـــان نوێژ دەکات، ئەگەر لە مانگی دووەم هاتەوە ولەو ماوەیە کەمتر بوو ئەوا خۆی دەشـــوات ئەگەر پاک بوویەوە ئەگەرچیش هێندەی ماوەی مانگی پێشوو نەبێت.

گرنگ ئەوەیە ئافرەت هەرکاتێک تووشی سوڕی مانگانە بوو ئەوا نوێژ ناکات، ئەگەر ماوەی سوڕی مانگانە بەپێی سوڕی مانگانەی پێشوو بێت یان زیاتر یان کەمتر بێت، وئەگەر پاک بێتەوە ؛ دەبێت نوێژ بکات.

**پ٥: ئایا ئافرەتی زەیستانیدار چل ڕۆژ دادەنیشێت نوێژ ناکات وڕۆژوو ناگرێت، یان پەند بە پچڕانی خوێنە، هەرکاتێک خوێنەکەی پچڕا ؛ پاک دەبێتەوە ونوێژ دەکات؟ وکەمترین ماوە بۆ پاکبوونەوە چەندە؟**

و٥: ئافرەتی زەیستانیدار کاتێکی دیاریکراوی نیە، بەڵکو هەرکاتێک خوێنی هەبوو دادەنیشێت ونوێژ ناکات وڕۆژوو ناگرێت، ومێردەکەی لەگەڵی جووت نابێت.

ئەگەر پاکێتی بینی -پێش چل ڕۆژ، ئەگەرچیش بەردەوامبوونی خوێنی زەیستانی تەنها دە یان پانزە ڕۆژ بێت- ؛ ئەوا پاش پاکبوونەوەی نوێژ دەکات وڕۆژوو دەگرێت، ومێردەکەی دەتوانێت لەگەڵی جووت بێت، وهیچ لەمەدا نیە.

گرنگ ئەوەیە زەیستانی -نیفاس- شتێکی هەستپێکراوە، حوکمەکان پەیوەستن بە بوونی یان نەبوونی، هەرکاتێک هەبوو حوکمەکانی جێگیر دەبێت وجێبەجێ دەبێت، وهەرکاتێک پاک بوویەوە حوکمەکانی بەسەردا جێبەجێ نابێت.

بەڵام ئەگەر زیاتر بوو لە شەست ڕۆژ ئەوا لەم حاڵەتەدا تووشی ئیستیحازە* هاتووە، دادەنیشێت بەپێی سووڕی ئاسایی مانگانەی، پاشان خۆی دەشوات ونوێژ دەکات. *(ئیستیحازە: ئەو خوێنەیە کە تووشی هەندێک ئافرەت دەبێت لە پاش تەواوبوونی کاتی سووڕی مانگانە -کاتی حەیزەوە- هەر بەردەوام دەردەچێت، واتا هیچ پەیوەندییەکی نییە بە سووڕی مانگانەوە)

**پ٦: ئەگەر لەمانگی ڕەمەزاندا تەنها خوێنێکی کەم -چەند دڵۆپەیەکی کەم- لە لایەن ئافرەتەوە بێتە خوارەوە، وبەردەوام بێت بەدرێژایی مانگی ڕەمەزان وئەو بەڕۆژوو بێت، ئایا ڕۆژووەکەی دروستە؟**

و٦: بەڵێ، ڕۆژووەکەی دروستە، وسەبارەت بەم خوێنە کەمە هیچ نیە؛ چونکە لەدەمارەکانەوە دەردەچێت، ولە عەلی کوڕی ئەبی تاڵیبەوە هاتووە- ڕەزای خوای لێبێت- کە دەڵێت: ئەم خوێنە کەمە -دڵۆپە کەمە- کە وەکو خوێنبەربوونی لووت وایە ؛ سووڕی مانگانە نیە.

**پ٧: ئەگەر ئافرەتی حەیزدار یان زەیستانیدار پاکبوویەوە پێش دەرکەوتنی بەرە بەیان -پێش کاتی نوێژی بەیانی-، وخۆی نەشۆرد هەتا پاش دەرکەوتنی بەرەبەیان -پاش هاتنی کاتی نوێژی بەیانی-، ئایا ڕۆژووەکەی دروستە یان نا؟**

و٧: بەڵێ، ڕۆژووگرتنی ئافرەتی حەیزدار دروستە ئەگەر پێش دەرکەوتنی بەیانی پاک بوویەوە، وخۆی نەشۆرد هەتا پاش دەرکەوتنی بەیان، وهەروەها ئافرەتی زەیستانیدار ؛ چونکە لەم حاڵەتەدا لەو کەسانەیە کە ڕۆژووگرتنیان لەسەر فەرزە، وهاوشێوەی ئەوانەن کە تووشی لەشگرانی بووبوون، ئەگەر بەیان دەرکەوت ولەشگران بوون ئەوا ڕۆژووگرتنیان دروستە؛ خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿فَالآنَ بَاشِرُوهُنَّ وَابْتَغُواْ مَا كَتَبَ اللّهُ لَكُمْ وَكُلُواْ وَاشْرَبُواْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ * کەوابوو لە ئێستە بەدواوە (لە شەوگاردا) نزیکییان بکەون و ئەوە داوابکەن خوا بۆی بڕیار داون (لە نەوەی چاك و خواناس)، دە بخۆن و بخۆنەوە هەتا بە ڕوونی بەرەبەیان و سپێدەتان بۆ

دەردەکەوێت و لە ڕۆژهەڵاتەوە دیاریدەدات و تاریکی شەو لادەبات﴾ [البقرة : ١٨٧].

وئەگەر خوای گەورە ڕوخسەتی دابێت بە جووتبوون پێش ئەوەی بەرە بەیانی ڕاستگۆ دەربکەوێت ئەوا ئەمە ئاماژەیە بۆئەوەی خۆشۆردنەکە لەپاش دەرکەوتنی بەرە بەیانە، وهەروەها لە گێڕانەوەی عائیشەدا هاتووە -ڕەزای خوای لێبێت-، کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بەیانی بەسەردا دەهات لەکاتێکدا لەشگران بوو بەهۆی جووتبوونی لەگەڵ خێزانەکەی و بەڕۆژوو دەبوو لەوڕۆژەدا. واتا: پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- خۆی نەدەشۆرد لە لەشگرانی هەتا بەرە بەیان دەردەکەوت.

**پ٨: ئەگەر ئافرەت هەستی بەخوێن کرد، بەڵام خوێن دەرنەچووە لە پێش ڕۆژئاوابوون، یان هەستی بە ئازاری سوڕی مانگانە کرد وخوێنی لە پێش خۆرئاوا بوون نەبینی، ئایا ڕۆژووگرتنەکەی دروستە لەو ڕۆژەدا، یان واجبە لەسەری پاش ڕەمەزان ڕۆژووەکە بگرێتەوە؟**

و٨: ئەگەر ئافرەت هەستی بەهاتن وچوونی سوڕی مانگانە کرد لە دەمارەکانیدا لەکاتێکدا کە بەڕۆژووە، بەڵام خوێنی نەبینی هەتا پاش خۆرئاوابوون، یان هەستی بە ئازاری سوڕی مانگانە کرد، بەڵام خوێنی نەبینی هەتا پاش خۆرئاوابوون نەبێت، ئەوا پاکە و ڕۆژووەکەی دروستە لەو ڕۆژەدا، وگێڕانەوەی لەسەر فەرز نیە ئەگەر ڕۆژووەکە فەرز بوو، ونابێتە هۆی پوچەڵبوونەوەی پاداشتەکەی ئەگەر ڕۆژووی سونەت بوو.

**پ٩: ئەگەر ئافرەت خوێنی بینی، ودڵنیا نەبوو لەوەی خوێنی سوڕی مانگانەیە، ئایا حوکمی بەڕۆژووبوونی ئەو ڕۆژە چییە؟**

و٩: ڕۆژووگرتنی ئەو ڕۆژەی دروستە؛ چونکە بنچینە -ئەسڵ- ئەوەیە خوێنی سوڕی مانگانە نیە هەتاوەکو بۆی دەردەکەوێت کە سوڕی مانگانەیە.

**پ١٠: هەندێکجار ئافرەت شوێنەوارێکی کەمی خوێن یان چەند دڵۆپەیەکی کەم لە خوێن دەبینێت بەپچڕپچڕ لە ڕۆژدا، جارێک دەیبینێت لەکاتی سوڕی مانگانە لەکاتێکدا خوێنەکەی دانەبەزیوە، وجارێکی تر دەیبینێت لەکاتێکی تردا جگە لەکاتی سوڕی مانگانە، حوکمی ڕۆژووەکەی چیە لەهەردوو حاڵەتدا؟**

و١٠: پێشتر وەڵامدرایەوە لەسەر ئەم جۆرە پرسیارانە، بەڵام ماوەتەوە ئەگەر دڵۆپە خوێنەکان لە ڕۆژەکانی سوڕی مانگانە بێت، لەکاتێکدا ئەو بە سوڕی مانگانەی دادەنێت کە دەیناسێت، ئەوا لەم حاڵەتەدا بە سوڕی مانگانە حیساب دەکرێت.

**پ١١: ئایا ڕێگەپێدراوە ئافرەتی حەیزدار وزەیستانیدار بخۆن وبخۆنەوە لە ڕۆژەکانی مانگی ڕەمەزان؟**

و١١: بەڵێ، دەخۆن ودەخۆنەوە لەڕۆژەکانی مانگی ڕەمەزان، بەڵام لەپێشترە بەنهێنی بێت ئەگەر منداڵی لە گەڵدا بێت ؛ چونکە ئەمە دەبێتە هۆی نارِوونی وجێی پرسیار لەلای منداڵان.

**پ١٢: ئەگەر ئافرەتی حەیزدار یان زەیستانیدار پاکبوویەوە لەکاتی نوێژی عەسر، ئایا دەبێت نوێژی نیوەڕۆ لەگەڵ عەسر بکات، یان تەنها دەبێت نوێژی عەسر بکات؟**

و١٢: ڕای پەسەند لەم بابەتەدا: تەنها نوێژی عەسری لەسەرە ئەنجامی بدات؛ چونکە هیچ بەڵگەیەک نیە لەسەر واجبێتی نوێژی نیوەڕۆ، وئەسڵ ئەوەیە لەسەری واجب نییە، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک بگات -بەئەنجامدانی- ڕکاتێک لە -نوێژی- عەسر پێش ئەوەی ڕۆژ ئاوا بێت ئەوا گەیشتووە بەکاتی ئەنجامدانی -نوێژی- عەسر -لەکاتەکەی خۆیدا-»، ئافرەت ئەگەر تووشی سوڕی مانگانە بێت لەپاش هاتنی کاتی

نیوەڕۆ ئەوا تەنها قەزاکردنەوەی نوێژی نیوەڕۆی لەسەرە نەک نوێژی عەسر، هەرچەندە نوێژی نیوەڕۆ لەگەڵ نوێژی عەسریش کۆدەکرێتەوە -جەمع دەکرێن-، وجیاوازی نیە لەنێوان ئەمە وئەو شێوازەی پرسیاری سەبارەت کراوە.

بۆیە ڕای پەسەند ئەوەیە تەنها نوێژی عەسری لەسەرە؛ بەبەڵگەی دەقی فەرموودەکە وپێوان -قیاس- لەسەری، وهەروەها ئەگەر پاکبوویەوە پێش دەرچوونی کاتی عیشا، ئەوا تەنها نوێژی عیشای لەسەرە، ونوێژی مەغریبی لەسەر نیە.

**پ١٣: هەندێک لەئافرەتان سکەکەیان لەبار دەبەن ولە دوو حاڵەت بەدەر نییە: یان ئەوەتا پێش دروستبوونی کۆرپەلەکەیە، یان پاش دروستبوونی کۆرپەلەکەیە وهێڵکاری لاشەی دەردەکەوێت، ئایا حوکمی ڕۆژووگرتنی چیە لەو ڕۆژەدا کە کۆرپەلەکەی تێدا لەبار بردووە، وهەروەها ڕۆژووگرتنی ئەو ڕۆژانەی کە خوێنی تێدا دەبینێت؟**

و١٣: ئەگەر کۆرپەلەکە دروست نەبووبێت ئەوا خوێنەکەی خوێنی زەیستانی نیە، بۆیە لەم حاڵەتەدا ڕۆژوو دەگرێت ونوێژ دەکات، وڕۆژووەکەی دروستە.

وئەگەر کۆرپەلەکە دروستکرا بێت ئەوا خوێنەکە خوێنی زەیستانیە، حەڵاڵ نیە بۆی ڕۆژوو بگرێت یان نوێژ بکات.

وبنچینە لەم مەسەلەدا یان پێوەر ئەوەیە: ئەگەر کۆرپەلەکە دروستکرا بێت ئەوا خوێنەکە خوێنی زەیستانیە، وئەگەر دروست نەکرابێت ئەوا خوێنەکە خوێنی زەیستانی نیە، وئەگەر خوێنەکە خوێنی زەیستانی بێت ئەوا حەرامە لەسەری ئەو شتانەی حەرامن لەسەر ئافرەتێک تووشی زەیستانی بووە، وئەگەر جگە لە خوێنی زەیستانی بێت ئەوا حەرام نیە لەسەری ئەو شتانە.

**پ١٤: دابەزینی خوێن لە ئافرەتی سکپڕ لەڕۆژی ڕەمەزان، ئایا کاریگەری دەبێت لەسەر ڕۆژووەکەی؟**

و١٤: ئەگەر خوێنی سـوڕی مـانگـانە دەرچوو وئـافرەت بەڕۆژوو بوو ئەوا ڕۆژووەکەی پوچەڵە، چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:

«ئەگەر تووشی سوڕی مانگانە بێت نوێژ ناکات وڕۆژوو ناگرێت؟».

بۆیە لەو شـتانەیە کە دەبنە هۆی ڕۆژوو شـکاندن، وزەیسـتانیش بەهەمان شـێوە، ودەرچوونی خوێنی سـوڕی مـانگـانە وزەیسـتـانی دەبنە هۆی پوچەڵبوونەوەی ڕۆژوو.

ودابەزینی خوێن لە ئافرەتی سـکپڕ لە ڕۆژی ڕەمەزان ئەگەر سـوڕی مانگانە بێت ئەوا وەکو خوێنی سـوڕی مانگانەی ئەو ئافرەتەیە کە سـکپڕ نیە، واتا: کاریگەری نیە لەسـەر ڕۆژووەکەی، وئەگەر خوێنی سـوڕی مانگانە نەبێت ئەوا ئەمە هیچ کاریگەریەکی نابێت.

وسـوڕی مانگانە کە لەوەیە تووشـی ئافرەتی سـکپڕ بێت ئەوەیە کە سـوڕی مانگانەی بەردەوام بێت ولێی نەپچڕێت لەو کاتەی سـکپڕ بووە، وە لەکاتی ئاسـایی خۆی بۆی دەهات، ئەمە سـوڕی مانگانەیە لەسـەر ڕای پەسـەند، وحوکمەکانی سوڕی مانگانەی لەسەر جێگیر دەبێت.

بەڵام ئەگەر خوێنی سوڕی مانگانەی پچڕا، پاشان خوێنی تری بینی کە خوێنی سـوڕی مـانگـانەی ئـاسـایی نەبوو، ئەوا ئەمە کـاریگەری نـابێـت لەسـەر ڕۆژووەکەی؛ چونکە ئەمە سوڕی مانگانە نیە.

**پ١٥: ئەگەر ئافرەت لە ماوەی سوڕی مانگانەی ڕۆژێک خوێنی بینی، ولە ڕۆژی دواتر خوێنی نەبینی بەدرێژایی ڕۆژ، دەبێت چی بکات؟**

و١٥: وا دیارە ئەم پاکبوونەوە یان وشـــکبوونەوە کە ڕوو دەدات لە ڕۆژەکانی سوڕی مانگانە بەشێکە لە سوڕی مانگانە، بۆیە بە پاکبوونەوە دانانرێت، بۆیە قەدەغەکراوە لەسەری ئەو شتانەی لەسەر ئافرەتی حەیزدار قەدەغەکراوە.

وهەندێک لە زانایان دەڵێن: هەرکەســـێک ڕۆژێک خوێنی بینی وڕۆژێکی تر پاکێتی بینی، ئەوا ئەم خوێنە هی ســـوڕی مانگانەیە، هەتاوەکو دەگاتە پانزە ڕۆژ، ئەگەر گەیشـــتە پـانزە ڕۆژ ئەوا ئەو خوێنەی لەپـاشـــی دێـت خوێنی ئیســـتیحـازەیە، ئەمە بەنـاوبـانگترین ڕایە لە مەزهەبی ئیمـام ئەحمەد -ڕەحمەتی خوای لێبێت-.

**پ١٦: لەکۆتا ڕۆژەکانی سوڕی مانگانە وپێش پاکبوونەوە ئافرەت هیچ شوێنەوارێکی خوێن نابینێت، ئایا ئەو ڕۆژە بەڕۆژوو بێت، لەکاتێکدا پارچە -تیرە- سپیەکەی (القصة البيضاء)ی نەبینیوە، ئایا چی بکات لەم حاڵەتەدا؟**

و١٦: ئەگەر لە عادەت وخووی وابوو کە پارچە ســـپیەکە نەبینێت -هەروەکو چۆن هەنـدێک لە ئافرەتـان نـایبینن- ئەوا بەڕۆژوو دەبێت، وئەگەر عـادەت وخووی وابوو کە پارچە سـپیەکە ببینێت ئەوا بەڕۆژوو نابێت هەتاوەکو پارچە سپیەکە دەبینێـت.

**پ١٧: ئایا حوکمی خوێندنەوەی قورئان چییە بە سەیرکردنی یان خوێندنەوەی بەلەبەرکردنەوە لەکاتی پێویستی وەکو ئەوەی فێرخواز یان مامۆستا بێت بۆ ئافرەتی حەیزدار وزەیستانیدار؟**

و١٧: هیچ شتێک نیە لەسەر ئافرەتێک تووشی سوڕی مانگانە یان زەیستانی هاتبێت ؛ قورئان بخوێنیت ئەگەر لەبەر پێویستی بێت، وەکو ئەوەی مامۆستا بێت یان خوێندنەوەی ویردی شەو وڕۆژی فێرخواز بێت.

بەڵام خوێندنەوەی قورئان -بۆ بەدەستهێنانی پاداشتی خوێندنەوە- باشتر وایە ئەنجامی نەدات؛ چونکە زۆرینەی زانایان پێیان وایە ئافرەتی حەیزدار حەڵاڵ نیە بۆی قورئان بخوێنێت.

**پ١٨: ئایا دەبێت ئافرەتی حەیزدار جلەکانی بگۆڕێت لەپاش پاکبوونەوە، ئەگەرچیش بزانێت جلەکەی خوێن وپیسی بەر نەکەوتووە؟**

و١٨: ئەمەی لەسەر نیە؛ چونکە سوڕی مانگانە نابێتە هۆی پیسبوونی لاشە، بەڵکو خوێنی سوڕی مانگانە تەنها ئەو شوێنە پیس دەکات کە بەری دەکەوێت، وبۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیکردووە بەئافرەتان ئەگەر جلەکەکانیان توشی خوێنی سوڕی مانگانە بوو؛ بیشۆن، وبەو جلەوە نوێژ بکەن.

**پ١٩: ئافرەتێک حەوت ڕۆژ لە ڕەمەزان بەڕۆژوو نەبوو چونکە تووشی زەیستانی هاتبوو، وڕۆژووەکانی نەگرتەوە هەتاوەکو ڕەمەزانێکی تر هات، وڕەمەزانی دواتر حەوت ڕۆژ بەڕۆژوو نەبوو بەهۆی شیردانەوە، وئەو ڕۆژووانەی نەگرتەوە؛ بەهۆی نەخۆشیەوە کە تووشی هاتبوو، ئایا چی لەسەرە لەکاتێکدا نزیکە لەوەی ڕەمەزانی سێیەم بێت؟ وەڵاممان بدەنەوە ؛ خوای گەورە پاداشتتان بداتەوە.**

و١٩: ئەگەر ئەم ئافرەتە هەروەکو سەبارەت بە نەفسی خۆی باسیکرد -تووشی نەخۆشی هاتووە، وناتوانێت ئەو ڕۆژانە بگرێتەوە- ئەوا هەرکاتێک بتوانێت ڕێگەپێدراوە ڕۆژووەکان بگرێتەوە؛ چونکە عوزری هەیە، ئەگەرچیش ڕەمەزانێکی تر بێت.

بەڵام ئەگەر عوزرێکی نەبێت، بەڵکو بیانوو دەهێنێتەوە وکەمتەرخەمی دەکات، ئەوا ڕێگەپێدراو نیە ڕۆژووگرتنەوەی ئەو ڕۆژانە لە ڕەمەزانی یەکەمەوە دوابخات بۆ ڕەمەزانی دواتر، عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت:

ڕۆژووگرتنەوەم لەسەر بوو، نەمدەتوانی بیانگرمەوە هەتاوەکو مانگی شەعبان.

وبۆیە، لەسەر ئەم ئافرەتەیە کە سەیری حاڵی خۆی بکات، ئەگەر هیچ بیانوویەکی نەبێت ئەوا گوناهبارە، وپێویستە تەوبە بکات، ودەستبەجێ ئەو ڕۆژووانە بگرێتەوە کە لەسەریەتی، وئەگەر عوزری هەبێت ئەوا ئەمە ئاساییە، ئەگەرچیش ساڵێک یان دووان دوابکەوێت.

**پ٢٠: هەندێک ئافرەت ؛ ڕەمەزانێکی تریان بەسەردا دێت لەکاتێکدا هەندێک ڕۆژووی ڕەمەزانی پێشوویان نەگرتووە، ئایا واجب چیە لەسەریان؟**

و٢٠: واجبە لەسەریان: تەوبە بکەن وداوای لێخۆشبوون بکەن لە خوای گەورە بەهۆی کردنی ئەم کارە، چونکە ڕێگەپێدراو نیە بۆ ئەو کەسەی کە ڕۆژووگرتنی ڕەمەزانی لەسەرە ؛ دوای بخات بۆ ڕەمەزانێکی تر بەبێ عوزر، عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ڕۆژووگرتنی ڕەمەزانم لەسەر بوو، نەمدەتوانی بیانگرمەوە هەتاوەکو مانگی شەعبان.

وئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی نابێت دوایان بخات بۆ پاش ڕەمەزانی دووەم، وپێویستە تەوبە بکات وداوای لێخۆشبوون بکات لە خوای گەورە لەسەر ئەوەی کردوویەتی، ودەبێت ئەو ڕۆژووانە بگرێتەوە کە نەیگرتوون لەپاش ڕەمەزانی دووەم.

**پ٢١: بۆ نمونە ئەگەر ئافرەت کاتژمێر یەکی نیوەڕۆ تووشی سوڕی مانگانە بوو، لەکاتێکدا هێشتا نوێژی نیوەڕۆی نەکردووە، ئایا دەبێت ئەو نوێژە بە قەزا بگێڕێتەوە لەپاش پاکبوونەوە؟**

و٢١: لەمەدا ناکۆکی هەیە لەنێوان زانایان، تێیاندایە دەڵێت: لەسەری نیە نوێژەکە قەزا بکاتەوە؛ چونکە کەمتەرخەم نەبووە، وگوناهبار نابێت؛ لەبەرئەوەی ڕێگەپێدراوە نوێژ دوا بخات بۆ کۆتایی کاتەکەی.

وهەندێکیان دەڵێن: دەبێت نوێژەکە قەزا بکاتەوە؛ واتا : قەزاکردنەوەی ئەو نوێژە، لەبەر گشـــتگیری وتەی پێغەمبەر -صـــلى الله عليه وســـلم- کاتێك دەفەرموێت:

«هەرکەسێک بگات -بەئەنجامدانی- ڕکاتێک لە نوێژ ئەوا گەیشتووە -بەئەنجامدانی- نوێژەکە -لەکاتی خۆیدا-».

وباشـــتر وایە ئەو نوێژە قەزا بکاتەوە؛ چونکە یەک نوێژە، وهیچ ناڕەحەتیەک نیە لە قەزاکردنەوەی.

**پ٢٢: ئەگەر ئافرەتی سکپڕ خوێنی بینی لەپێش لەدایکبوونی کۆرپەلەکەی بەڕۆژێک یان دووان، ئایا واز لە نوێژ وڕۆژووگرتن بهێنێت بەهۆی ئەمە، یان چی بکات؟**

و٢٢: ئەگەر ئافرەتی ســـکپڕ خوێنی بینی لەپێش لەدایکبوونی کۆرپەلەکەی بەڕۆژێک یان دووان، ئەگەر ئازار وژانی لەگەڵدا بوو ئەوا ئەمە زەیســـتانیە، بەهۆیەوە واز لە نوێژکردن وڕۆژووگرتن دەهێنێت، وئەگەر ئازار وژانی لەگەڵ نەبوو ئەوا ئەمە خوێنێکی خراپە -خوێنی ئیســـتیحازەیە:دم فســـاد- وهیچ بەهەند وەرناگیرێت، ونابێتە ڕێگر لە نوێژکردن وڕۆژووگرتن.

**پ٢٣: ئایا ڕات چیە سەبارەت بە خواردنی حەپی ڕێگر لە سوڕی مانگانە ؛ بۆئەوەی لەگەڵ خەڵکی بەڕۆژوو بێت؟**

و٢٣: من هۆشـــیاری دەدەم ســـەبارەت بە ئەم کارە، چونکە ئەم حەپانە زۆر زیانلێدەرن، لەلام سەلمێنراوە ودەرکەوتووە لەڕێگەی قسەی پزیشکەکانەوە، وبە ئافرەت دەووترێت: ئەمە شـــتێکە خوای گەورە نووســـیویەتی لەســـەر کچەکانی ئادەم، بۆیە ڕازی بە بەوەی خوای گەورە نووســـیویەتی، وڕۆژوو بگرە ئەگەر هیچ ڕێگرێک نەبوو، وئەگەر ڕێگرێک هەبوو ئەوا ڕۆژوو مەگرە، وڕازی بە بەقەدەری خوای گەورە.

**پ٢٤: ئافرەتێک پاش دوو مانگ لەزەیستانی، وپاش ئەوەی پاک بوویەوە ؛ هەندێک دڵۆپە خوێن دەبینێت، ئایا ڕۆژووەکەی بشکێنێت، ونوێژ نەکات؟ یان چی بکات؟**

و٢٤: کێشـــەکانی ئافرەتان لە ســـوڕی مانگانە وزەیســـتانی وەکو دەریا وایە کەناری نیە، ولە هۆکارەکانی: بەکارهێنانی ئەم حەبانەیە کە ڕێگرن لە سکپڕی وڕێگرن لە سوڕی مانگانە، وزۆرێک لەم پرسیارانە لای خەڵکی پێشتر بوونی نەبوو، ڕاســـتە هەندێک بابەت هەیە ناڕوونە وجێی پرســـیارە لەو کاتەوەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نێردراوە، بەڵکو لەو کاتەوەی کە ئافرەت بوونی هەبووە، بەڵام زۆری ئەم پرســـیارانە بە شـــێوەیەک مرۆڤ تووشـــی نیگەرانی بکات لەچارەسەرکردنیان ؛ شتێکە جێی داخە.

بەڵام بنچینەی گشـــتی: ئەگەر ئافرەت پاکبوویەوە، ودڵنیابوو لەپاکێتی لە ســـوڕی مانگانە ولە زەیســـتانی -ومەبەســـتم لەپاکێتی لە ســـوڕی مانگانە-: بریتیە لە دەرچوونی پارچە -تیرە- ســـپیەکە، ئەمیش ئاوێکی ســـپیە ئافرەت دەیناســـێتەوە پاش پاکبوونەوە- لە زەرداو یان لێڵاو یان دڵۆپی خوێن یان تەڕێتی، ئەمانە هەمووی ســـوڕی مانگانە نین، بۆیە نابنە ڕێگر لە نوێژکردن و لە ڕۆژووگرتن ولەوەی مێردەکەی لەگەڵی جووت بێت؛ چونکە ئەمە ســـوڕی مانگانە نیە. ئوم عەتیە دەڵێت:

«دەستوورمان وابوو لە پاش پاکبوونەوە لە بێنوێژی: لێڵاو وزەرداومان بە هیچ دانەدەنا» [أخرجه البخاري، وە لەلای أبوداود زیادە: " بعد الطهر " لەپاش پاکێتی هاتووە، وسەنەدەکەشی سەحیحە].

بۆیە دەڵێین: هەرشـــتێک لەپاش پاکبوونەوە لەم شـــتانە ؛ زیانی بۆ ئافرەت نیە، ونـابێتە ڕێگر لە نوێژکردن وڕۆژووگرتن وجووتبونی مێردەکەی لەگەڵی، بەڵام واجبە پەلە نەکات هەتـاوەکو پاکێتی دەبینێت؛چونکە هەنـدێـک لە

ئافرەتان ئەگەر خوێنی سووڕی مانگانەیان وشک بێتەوە؛ پەلە دەکەن، وخۆیان دەشۆن پێش ئەوەی پاکێتی ببینن، بۆیە ئافرەتانی هاوەڵان بۆ دایکی ئیمانداران عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- پەموویان دەنارد کە خوێنی پێوە بوو؛ بۆ پرسیارکردن، ئەویش دەیووت: پەلە مەکەن هەتاوەکو پارچە سپیەکە دەبینن.

**پ٢٥: هەندێک ئافرەت خوێنیان بەردەوامە، وهەندێکجار خوێنەکە دەپچڕێت بۆ ڕۆژێک یان دوان، پاشان دەگەڕێتەوە، ئایا حوکمی ئەم حاڵەتە چیە سەبارەت بۆ ڕۆژووگرتن و نوێژکردن وهەموو پەرستنەکانی تر؟**

و٢٥: ناسراوە لەلای زۆرینەی زانایان: ئەگەر ئافرەت کاتی دیاریکراوی هەبوو بۆ سووڕی مانگانەی، وتەواو بوو، ئەوا خۆی دەشوات، ونوێژ دەکات، وڕۆژوو دەگرێتەوە، وئەوەی دەیبینێت لەپاش دوو ڕۆژ یان سیان ئەمە سووڕی مانگانە نیە؛ چونکە کەمترین ماوەی پاکێتی لەسووڕی مانگانە لەلای ئەو زانایانە سیانزە ڕۆژە.

وهەندێک لەزانایان دەڵێن: هەرکاتێک خوێنی بینی ئەوا خوێنی سووڕی مانگانەیە، وهەرکاتێک پاکبوویەوە ئەوا پاکە، ئەگەریش لەنێوان هەردوو حەیزەکە سیانزە ڕۆژ نەبێت.

**پ٢٦: کامیان باشترە بۆ ئافرەت: شەوەکانی ڕەمەزان لەماڵەکەی خۆی نوێژ بکات، یان لە مزگەوت، بەتایبەت ئەگەر لەمزگەوتدا ئامۆژگاری و وتار هەبێت؟ وڕێنموێنیت چیە بۆ ئەو ئافرەتانەی کە لە مزگەوتدا نوێژ دەکەن؟**

و٢٦: باشتر وایە لەماڵەوە نوێژ بکات، چونکە گشتیە کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:

«وماڵەکانیان خێرترە بۆیان».

واتا: خێرترە بۆ نوێژکردن تێیدا، لەبەرئەوەی دەرچوونی ئافرەت لەماڵ زۆرجار دوور نیە لە فیتنە، ئەگەر ئافرەت لەماڵەوە بێت ئەمە خێرترە لەوەی دەربچێت بۆ مزگەوت، ودەتوانێت ئامۆژگاری و وتار ببیستێت لەڕێگای تۆمارە دەنگیەکانەوە.

وڕێنموێنیم بۆ ئەو ئافرەتانەی لەمزگەوتدا نوێژ دەکەن، ئەوەیە : لەماڵ دەربچن بەبێ خۆڕازاندنەوە، وبۆن لەخۆیان نەدەن.

**پ٢٧: ئایا حوکمی تامکردنی چێشت لەلایەن ئافرەتەوە چیە لەڕۆژی ڕەمەزاندا ، لەکاتێکدا بەڕۆژووە؟**

و٢٧: حوکمەکەی: هیچی تێدا نیە؛ چونکە پێویستە، بەڵام ئەوەی تامی کردووە فڕێی دەداتە دەرەوە وقوتی نادات.

**پ٢٨: ئافرەتێک لە ڕووداوێکدا ؛ بریندار بوو لەسەرەتای سکپڕیدا ومنداڵەکەی لەبارچوو بەهۆی خوێنبەربوونێکی زۆرەوە، ئایا دەبێت ڕۆژوو نەگرێت، یان بەردەوام بێت لەسەر ڕۆژووگرتن؟ وئەگەر ڕۆژووی نەگرت ئایا گوناهبارە؟**

و٢٨: دەڵێین: ئافرەتی سکپڕ تووشی سوڕی مانگانە نابێت، هەروەکو ئیمام ئەحمەد دەڵێت: ئافرەتان دەزانن سکپڕن بەهۆی پچڕانی سوڕی مانگانەوە، وسوڕی مانگانە -هەروەکو زانایان وتوویانە- خوای گەورە دروستی کردووە بەهۆی حیکمەتێکەوە ئەویش بۆ خۆراکپێدانە بەمنداڵەکە لە سکی دایکیدا، ئەگەر ئافرەتەکە سکپڕ بێت ؛ ئەوا سوڕی مانگانەی دەوەستێت.

بەڵام هەندێک لە ئافرەتان لەوەیە سوڕی مانگانەیان بەردەوام بێت لەسەر عادەتی خۆیان هەروەکو پێش سکپڕبوون، ئەمە حوکمی لەسەر دەدرێت بەوەی سوڕی مانگانەکەی ڕاستە؛ چونکە بەردەوامە، وبە سکپڕی کاریگەر نەبووە، بۆیە ئەم سوڕی مانگانەیە دەبێتە هۆی ڕێگر لە هەموو شتێک کە

تووشـــی ئـافرەتی حەیزدار دەبێـت کە سـکپڕ نیە، وهەموو حوکمەکـان دەیگرێتەوە، لە واجب وئەرک لەسەر لاچوون.

وسەرەنجام: ئەو خوێنەی لەئافرەتی سکپڕ دەردەچێت دوو جۆرە:

- جۆری یەکەم: جۆرێک حوکمی لەســەر دەدرێت بەوەی خوێنی ســوڕی مانگانەیە، وئەمیش ئەوەیە کە بەردەوامە هەروەکو پێش سکپڕبوون، مانای ئەوەیە: سکپڕی کاریگەری لەسەر نەبووە، بۆیە سوڕی مانگانەیە.

- جۆری دووەم: خوێنێکە لەناکاو تووشـــی بووە، بەهۆی یان ڕووداوێک یان هەڵگرتنی شــتێک یان بەربوونەوە لەشــوێنێک وهتد، ئەمە خوێنی ســوڕی مانگانە نیە، بەڵکو خوێنی دەمارە، بۆیە ئەمە نابێتە هۆی ڕێگر لە نوێژکردن ولە ڕۆژووگرتن، بەڵکو حوکمی وەکو حوکمی ئـافرەتە پـاکەکـانە لەســوڕی مانگانە.

بەڵام ئەگەر بەهۆی ڕووداوەکە کۆرپەلەکەی لەبار بچێت کە لەنێو ســکیەتی ئەوا بەپێی قسـەی زانایانە: ئەگەر کۆرپەلەکە دەرچوو ودیار بوو دروسـتکراوە وشـــێوەی مرۆڤە ئەوا ئەو خوێنەی دەرچووە ؛ خوێنی زەیســـتانیە، بەهۆی ئەمەوە واز لەنوێژکردن ورۆژووگرتن دەهێنێـت، ومێردەکەی لەگەڵی جووت نابێت هەتاوەکو پاک دەبێـتەوە.

وئەگەر کۆرپەلەکە دەرچوو ودروســـت نەکرابوو وشـــێوەی مرۆڤ نەبوو ئەوا ئەمە بە خوێنی زەیســـتـانی دانـانرێـت، بەڵکو خوێنی خراپە -خوێنی ئیســـتیحازەیە-، وئەمە نابێتە هۆی ڕێگر لە نوێژکردن ولە ڕۆژووگرتن، ونە لە هیچ شتێکی تر.

زانایان دەڵێن: کەمترین ماوە کە کۆرپەلە شـــێوەی مرۆڤی پێوە دیار دەبێت؛ هەشـــتـا ویەک ڕۆژە، چونکە خوڵقـاندنی کۆرپەلە لە ســـکی دایکیـدا بەم شـێوەیە هەروەکو ئیبن مەسعود -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری

خودا -صلى الله عليه وسلم- بۆمانی گێڕانەیەوە و ئەو ڕاستگۆ و متمانەپێکراوە؛ فەرمووی:

«دروستبوونی هەریەکێک لە ئێوە بۆ ماوەی چل ڕۆژ لە سکی دایکیدا وەک دڵۆپێکی تۆو -سپێرم- کۆدەکرێتەوە، پاشان دەبێتە پارچە خوێنێکی مەییو بۆ ماوەیەکی هاوشێوە، پاشان دەبێتە پارچەیەک (لە گۆشت) بۆ ماوەیەکی هاوشێوە، پاشان فریشتەیەک ڕەوانە دەکرێتە لای کە ڕۆحی بەبەردا بکات و فەرمانی پێکراوە چوار شت بنووسێت: ڕزق و تەمەن و کردار و بەدبەختی یان بەختەوەر ...».

وناکرێت کۆرپەلە دروست بکرێت پێش ئەم ماوەیە، وزۆرجار شێوەی مرۆڤی تێدا دەرناکەوێت پێش نەوەد ڕۆژ، هەروەکو هەندێک لە زانایان وتوویانە.

**پ٢٩: من ئافرەتێکم ساڵێک پێش ئێستا منداڵەکەم لەبارچوو لە مانگی سێیەم، ونوێژم نەکرد هەتاوەکو پاکبوومەوە، وپێم ووترا: دەبوایە نوێژت بکردایە، ئایا چیبکەم، لەکاتێکدا نازانم چەند ڕۆژ نوێژم نەکردووە؟**

و٢٩: زانراوە لای زانایان: ئەگەر ئافرەت منداڵێکی لەبارچوو لە مانگی سێیەم ئەوا نوێژ ناکات؛ چونکە ئەگەر ئافرەت منداڵێکی لەبارچوو ودیاربوو کە ڕووکاری مرۆڤە ئەوا ئەو خوێنەی لێوەی دەردەچێت خوێنی زەیستانیە بۆیە نوێژ ناکات.

زانایان دەڵێت: لەوەیە ڕووکاری منداڵە دروستکراوەکە دیار بێت ئەگەر هەشتا ویەک ڕۆژ تەواو بکات، وئەمە کەمترە لە سێ مانگ، ئەگەر دڵنیا بوو لەوەی پێش ئەم ماوەیە لەباری چووە ئەوا ئەوەی تووشی بووە خوێنی خراپە -ئیستیحازەیە-، و بەهۆیەوە واز لەنوێژکردن ناهێنێت.

وئەم پرسیارکارە پێویستە خۆی بزانێت، ئەگەر منداڵەکە پێش هەشتا ڕۆژ بێت ئەوا دەبێت نوێژەکانی قەزا بکاتەوە، وئەگەر نەزانێت بۆ ماوەی چەندێک

نوێژی نەکردووە؟ ئەوا بە مەزنـدەکردن نوێژەکـان قەزا دەکـاتەوە بەپێی زۆرینەی گومانی کە ئەوەندە ڕۆژ نوێژی نەکردووە.

**پ٣٠: پرسیارکارێک دەڵێت: لەو کاتەوەی ڕۆژوو لەسەری واجبە ؛ ڕۆژوو دەگرێت، بەڵام ئەو ڕۆژانە ناگرێتەوە کە بەهۆی سوڕی مانگانە نەیتوانیوە بەڕۆژوو بێت تێیاندا، وئێستاش نازانێت چەند ڕۆژ بەڕۆژوو نەبووە، وداوای ڕێنموێنی دەکات ؛ ئێستا چی واجبە ئەنجامی بدات؟**

و٣٠: بەداخەوە جێگـای نیگەرانیە کە هـاوشــێوەی ئەم حـاڵەتە ڕوودەدات لەنێو ئـافرەتـانی ئیمـانـداران، ئەم وازلێهێنـانە -مەبەســتم: وازهێنـان لەقەزاکـردنەوەی ئەوەی واجـبە لەســەریـان لەڕۆژووگـرتـن- یـان بەهـۆی نەزانینەوەیە، یـان بەهۆی کەمتەرخەمیە، هەردوویـان کـارەســاتن؛ چونکە نەزانین چـارەســەرەکەی زانســـت وپرســیـارکردنە، بەڵام کەمتەرخەمی چارەسەرەکەی تەقوا وترسانە لە خوای گەورە، وهەستکردنە بەچاودێری ئەو زاتە، وترسانە لە سزاکانی، ودەستبەجێ کردەوە کردنە بەو شێوەیەی ئەو پێی ڕازیە.

بۆیە دەبێت ئەم ئافرەتە تەوبە بکات لەوەی کردوویەتی، وداوای لێخۆشبوون بکات لە خوای گەورە، و بەمەزندە بزانێت چەند رۆژ بەڕۆژوو نەبووە هێندەی دەتوانێـت قەزایـان بکـاتەوە، وگەردنی خۆی ڕزگـار بکـات، وداواکـارین خوای گەورە تەوبەکەی قبولّ بکات.

**پ٣١: ئەگەر ئافرەت تووشی سوڕی مانگانە بێت لەپاش هاتنی کاتی نوێژ، ئەمە حوکمی چیە؟ وئایا واجبە کە ئەو نوێژە قەزا بکاتەوە ئەگەر پاکبوویەوە؟ وهەروەها ئەگەر پاکبوویەوە پێش دەرچوونی کاتی نوێژ، ئەمە حوکمی چیە؟**

و٣١: یەکەم: ئافرەت ئەگەر تووشـــی ســـوڕی مانگانە بوو لەپاش هاتنی کاتی نوێژ -واتا: پاش هاتنی کاتێک لەکاتی نوێژە فەرزەکان- ئەوا واجبە لەســـەری

ئەگەر پاکبوویەوە ؛ ئەو نوێژە بە قەزا بکاتەوە کە لەکاتێکدا تووشــی ســوڕی مانگانە بووە، ئەگەر نوێژەکەی نەکردبوو پێش ئەوەی تووشی سوڕی مانگانە بێت، ئەمیش لە بەر ئەوەی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت:

«هەرکەسێک بگات -بەئەنجامدانی- ڕکاتێک لە نوێژ ئەوا گەیشتووە -بەئەنجامدانی- نوێژەکە -لەکاتی خۆیدا-». ئەگەر ئافرەت گەیشت بەکاتی نوێژ هێندەی ماوەی ڕکاتێک، پاشان تووشی سوڕی مانگانە بوو پێش ئەوەی نوێژەکە بکات، ئەگەر پاکبوویەوە ئەوا دەبێت ئەو نوێژە قەزا بکاتەوە.

دووەم: ئەگەر پاکبوویەوە لە ســوڕی مانگانە پێش دەرچوونی کاتی نوێژ ئەوا واجبە لەســەری نوێژەکە قەزا بکـات، ئەگەر پـاکبوویەوە پێش ئەوەی خۆر دەربکەوێت هێندەی ماوەی ڕکاتێک ئەوا واجبە لەسەری نوێژی بەیانی بکات، وئەگەر پاک بێتەوە پێش خۆر ئاوابوون هێندەی ماوەی ڕکاتێک ئەوا واجبە نوێژی عەسـر بکات، وئەگەر پاک بێتەوە پێش نیوەی شــەو هێندەی ماوەی ڕکاتێک ئەوا واجبە نوێژی عیشا بکات، وئەگەر پاک بێتەوە پاش نیوەی شەو ئەوا واجـب نیە نوێژی عیشـــا بکـات، ودەبێـت نوێژی بەیـانی بکـات ئەگەر کاتەکەی هات، خوای گەورە -سبحانە وتعالی- دەفەرموێت:

﴿فَإِذَا اطْمَأْنَنتُمْ فَأَقِيمُواْ الصَّلاَةَ إِنَّ الصَّلاَةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَّوْقُوتًا﴾ [النساء:١٠٣]

واتە: ﴿کاتێکیش ئارامی باڵی کێشا بەسەرتانداو نیشتەجێ بوون، ئەوە نوێژ بەچاکی و تەواوی ئەنجام بدەن، چونکە بەڕاستی نوێژ لەسەر ئیمانداران فەرزە لەکاتی دیاریکراودا دەبێ ئەنجام بدرێت﴾.

واتا: فەرزێکی کات دیاریکراوە، نابێت مرۆڤ لەپاش تەواوبوونی کاتەکەی ؛ نوێژەکە بکات، ونابێت پێش هاتنی کاتەکەی ؛ نوێژەکە بکات.

**پ٣٢: تووشی سوڕی مانگانە بووم لەکاتی نوێژدا، چی بکەم؟ ئایا ئەو نوێژانە قەزا بکەمەوە کە لەکاتی سوڕی مانگانە نەمکردووە؟**

و٣٢: ئەگەر ئافرەت تووشـــی ســـوڕی مانگانە بوو لەپاش هاتنی کاتی نوێژ -وەکو ئەوەی تووشی سوڕی مانگانە بێت لەپاش کاتی زەوال بە نیو سەعات- ئەوا ئەگەر پاکبوویەوە لە ســـوڕی مانگانە تەنها ئەم نوێژە قەزا دەکات کە کاتەکەی هاتووە لەکاتێکدا پاک بووەتەوە؛ چونکە خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿فَإِذَا اطْمَأْنَنتُمْ فَأَقِيمُواْ الصَّلاَةَ إِنَّ الصَّلاَةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَّوْقُوتًا﴾ [النساء:١٠٣]

واتە: ﴿کاتێکیش ئارامی باڵی کێشا بەسەرتاندا‌و نیشتەجێ بوون، ئەوە نوێژ بەچاکی و تەواوی ئەنجام بدەن، چونکە بەڕاستی نوێژ لەسەر ئیمانداران فەرزە لەکاتی دیاریکراودا دەبێ ئەنجام بدرێت﴾.

وئەو نوێژانە ناکاتەوە کە لەکاتیاندا تووشـــی ســـوڕی مانگانە بووە، چونکە لە فەرموودەیەکی درێژدا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوە نییە کاتێك تووشـــی ســـوڕی مانگانە دەبێت، نوێژ ناکات وڕۆژوو ناگرێت»، وزانایان یەکدەنگن لەســـەر ئەوەی ئەو نوێژانە قەزا ناکاتەوە کە لەکاتیاندا تووشی سوڕی مانگانە هاتووە.

بەڵام ئەگەر پـاکبوویەوە، وهێنـدەی ڕکـاتێـک کـاتی نوێژەکە مـابوو، ئەوا نوێژەکەی دەکات لەو کاتەوەی پاکبووەتەوە، چونکە پێغەمبەر -صـــلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:

«هەرکەسێک بگات -بەئەنجامدانی- ڕکاتێک لە نوێژی عەسر پێش ئەوەی خۆر ئاوا بێت، ئەوا گەیشتووە -بەئەنجامدانی- نوێژی عەسر -لەکاتی خۆیدا».

ئەگەر پاک بێتەوە لەکاتی عەسر، یان پێش دەرکەوتنی خۆر، وهێندەی ماوەی ڕکاتێک مابوو بۆ ئاوا بوونی خۆر یان دەرکەوتنی، ئەوا نوێژی عەسر دەکات لەمەسەلەی یەکەم، ونوێژی بەیانی دەکات لە مەسەلەی دووەم.

**پ٣٣: دایکم تەمەنی شەست وپێنج ساڵە، ونۆزدە ساڵە منداڵی نەبووە، وئێستا بۆ ماوەی سێ ساڵە ؛ خوێنبەربوونی هەیە، ئەمیش وادیارە نەخۆشیە لەو ماوەیەدا تووشی بووە، وڕەمەزان وا خەریکە دێت، چۆن ئامۆژگاری دەکەن؟ وچی بکات لەم حاڵەتەدا؟**

و٣٣: هاوشێوەی ئەم ئافرەتانە کە تووشی خوێنبەربوون -نەزیف- دەبن: حوکمی ئەوەیە واز لە نوێژ وڕۆژووگرتن بهێنێت هێندەی ماوەی سووڕی مانگانەی پێشووی؛ پێش ئەوەی تووشی ئەمە بێت، بۆ نمونە ئەگەر پێشتر ماوەی سوڕی مانگانەکەی لە سەرەتای هەموو مانگێک ؛ شەش ڕۆژ بێت، ئەوا ئێستاش لەسەرەتای هەموو مانگێک شەش ڕۆژ نوێژ ناکات وڕۆژوو ناگرێت، ئەگەر ئەم ماوەیە تەواو بوو ؛ خۆی دەشوات ونوێژ دەکات وڕۆژوو دەگرێت.

وچۆنیەتی نوێژ لەم حاڵەتە وهاوشێوەکانی: بەتەواوی دامێنی -عەورەتی- دەشوات، پارچە قوماشێکی (یان هەرشتێک تر)ی پێوە توند دەکات ؛ بۆ ڕێگرتن لە خوێن دەرچوون، ودەستنوێژ دەگرێت، وئەمە ئەنجامدەدات لەپاش هاتنی کاتی نوێژی فەرز، وهەروەها هەمان شت دەکات ئەگەر بیەوێت نوێژی سونەت بکات لەکاتەکانی تر.

ولەم حاڵەتەدا -بەهۆی ناڕەحەتیەوە- دەتوانێت نوێژی نیوەڕۆ وعەسر کۆ بکاتەوە -جەمعیان بکات-، و بەهەمان شێوە نوێژی مەغریب وعیشا، بۆئەوەی یەک جار ئەم کارە بکات بۆ نوێژی نیوەڕۆ وعەسر، وجارێک بۆ

نوێژەکانی مەغریب وعیشا، وجارێکی تر بۆ نوێژی بەیانی، لەجیاتی پێنج جار ؛ سێ جار ئەم کارە دەکات.

وجارێکی تر دووبارەی دەکەمەوە، ودەڵێم: کاتێک دەیەوێت دەستنوێژ بگرێت سەرەتا دەبێت دامێنی پاک بکاتەوە، وشتێک وەکو پارچە پەڕۆیەکی پێوە توند دەکات بۆئەوەی خوێن دەرنەچێت یان دەرچوونی زۆر کەم بێت، پاشان دەستنوێژ دەگرێت، وچوار ڕکات نوێژی نیوەڕۆ وچوار ڕکات نوێژی عەسر دەکات، وپاشان نوێژی مەغریب سێ ڕکات ؛ ونوێژی عیشا چوار ڕکات دەکات، وهەروەها نوێژی بەیانی دوو ڕکات دەکات، واتا: نوێژەکان کورت -قەسر- ناکات، هەروەکو خەڵکی پێیان وایە کە قەسریان دەکات بەڵکو تەنها کۆیان دەکاتەوە، وڕێگەپێدراوە نوێژەکانی نیوەڕۆ وعەسر کۆ بکاتەوە، ونوێژەکانی مەغریب وعیشا کۆ بکاتەوە، دەتوانێت نوێژی نیوەڕۆ وعەسر بەپێشخستن لەکاتی نوێژی نیوەڕۆ بیانکات یان بە پاشخستن لەکاتی نوێژی عەسر بیانکات، وهەروەها دەتوانێت نوێژی مەغریب وعیشا بەپێشخستن لەکاتی نوێژی مەغریب بیانکات یان بە پاشخستن لەکاتی نوێژی عیشا بیانکات، وئەگەر بیەوێت نوێژی سونەت بکات بە دەسنوێژی نوێژی فەرزەوە ؛ ئەمە ئاساییە وهیچی تێدا نیە.

**پ٣٤: ئایا حوکمی بوونی ئافرەت چیە لە مزگەوتی حەرام لەکاتێکدا تووشی سوڕی مانگانە هاتووە؛ بۆ گوێگرتنی فەرمووده و وتار؟**

و٣٤: نابێت ئافرەتی حەیزدار لە مزگەوتی حەرام یان لە هەر مزگەوتێکی تر ؛ بمێنێتەوە، بەڵام ڕێگەپێدراوە پێیدا تێپەڕ ببێت، وئەوەی پێویستیەتی بیبات یان هاوشێوەی ئەم حاڵەتە ؛ هەروەکو پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بە عائیشەی فەرموو کاتێک فەرمانی پێیکرد کە ڕاخەرێک[1] بهێنێت، ووتی:

[1] ڕاخەر: وەکو بەرماڵ وهاوشێوەکانی.

«لە مزگەوتدایە، ومن تووشی سوڕی مانگانە بووم». فەرمووی: «خۆ سوڕی مانگانەکەت لەناو دەستتدا نیە» (واتا: دەستت پاکە وسوڕی مانگانەکە لەناو دەستتدا نیە بۆیە ئاساییە کە ئەو ڕاخەرەم بدەیتێ).

ئەگەر ئافرەتی حەیزدار بەنێو مزگەوتدا تێپەڕ ببێت، ودڵنیا بێت لەوەی خوێن ناکەوێتە سەر زەوی، ئەمە ڕێگەپێدراوە، بەڵام ئەگەر بیەوێت بچێتە نێو مزگەوت وتێیدا دابنیشێت ئەوا ئەمە ڕێگەپێدراو نیە.

وبەڵگە لەسەر ئەمە بریتیە لەوەی: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی بە ئافرەتان کرد لە نوێژی جەژندا دەربچن بۆ شوێنی ئەنجامدانی نوێژی جەژن -موسەڵا- (کچە گەنجەکان وئەو کچانەی لە ماڵەوەن، وئەوانەی تووشی سوڕی مانگانە بوون) ؛ فەرمانیکرد بە ئافرەتە حەیزدارەکان کە دوور بکەونەوە لە موسەڵا، ئەمیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئافرەتی حەیزدار نابێت لە مزگەوت بمێنێتەوە بۆ گوێگرتن لە وتار، یا بۆ گوێگرتن لە وانە وفەرمووده.

*******

# لە حوکمەکانی پاکێتی لە نوێژدا

**پ٣٥: ئایا ئەو تەڕییەی لە ئافرەتەوە دادەبەزێت -ئەگەر سپی یان زەرد بێت- پاکە یان پیسە؟ وئایا واجبە بەهۆیەوە دەستنوێژ بگرێت، ئەگەر بزانرێت بەردەوام دادەبەزێت؟ وئایا حوکمی چیە ئەگەر بە پچڕاوی بێت، بەتایبەت زۆرینەی ئەو ئافرەتانەی زانستیان هەیە ئەمە بە شێ وتەڕبوونێکی ئاسایی دادەنێن، وداواکراو نیە بەهۆیە دەستنوێژ بگرێت؟**

و٣٥: بۆم دەرکەوتووە لەپاش گەڕان: ئەو تەڕییەی لە ئافرەتەوە دەردەچێـت ئەگەر لە میزڵدانەوە دەرنەچێت بەڵکو لە منداڵدانەوە دەربچێت؛ پاکە، بەڵام دەبێتە هۆی شـــکاندنی دەســـتنوێژ ئەگەرچیش پاکە، چونکە بۆ شـــکاندنی دەســـتنوێژ مەرج نیە شـــتەکە پیس بێت، با لە پاشـــەوە دەردەچێت ومادده نیە لەگەڵ ئەمەیش دەستنوێژ دەشکێنێت.

بـۆیە ئەگەر ئەمە لە ئـافـرەتەوە دەرچـوو ودەســـــتـنـوێـژی هەبـوو ؛ ئەوا دەستنوێژەکەی دەشکێت ودەبێت نوێی بکاتەوە.

ئەگەر بەردەوام بێت ؛ نابێتە هۆی دەســـتنوێژ شـــکاندن، بەڵام دەســـتنوێژ دەگرێت ئەگەر کاتی نوێژ هات، ولەم کاتەدا کە دەسـتنوێژی گرت نوێژە فەرز وسـونەتەکان دەکات وقورئان دەخوێنێت وئەوەی بیەوێت دەیکات لەشـــتە ڕێگەپێدراوەکان، زانایان هاوشـێوەی ئەم وتەیە دەڵێن سـەبارەت بە کەسێک میزە چرکێکی هەبێـت، لەلایەنی پاکێتیەوە ؛ پاکە، ولە لایەنی شـــکـانـدنی دەســـتنوێژەوە ؛ دەبێتە هۆی دەســـتنوێژ شـــکاندن، مەگەر بەردەوام بێت، ئەگەر بەردەوام بێت نابێتە هۆی دەسـتنوێژ شـکاندن، بەڵام دەبێت ئافرەت لەپاش هاتنی کاتی نوێژ دەستنوێژ بگرێت وشتێک ببەستێـــت بەدامێنیەوە بۆ ڕێگرتن لە دەرچوونی.

بەڵام ئەگەر بە پچڕپچڕی دەربچێت، وخووی وا بوو بەم شێوەیە بێت لەکاتی نوێژدا، ئەوا نوێژەکەی دوادەخات هەتاوەکو دەپچڕێت، ئەگەر نەترسـێت لە دەرچوونی کاتی نوێژ، ئەگەر ترسا لەدەرچوونی کاتی نوێژ ؛ ئەوا دەستنوێژ دەگرێت، وشتێک دەبەستێت بەدامێنیەوە بۆ ڕێگرتن لە دەرچوونی ونوێژەکەی دەکات.

وجیاوازی نیە لەنێوان زۆر وکەمی ؛ چونکە هەموو لە یەک شوێنەوە دەردەچێت، بۆیە کەمی وزۆری دەبێتە هۆی شکاندنی دەستنوێژ، بەپێچەوانەی ئەوەی لەشوێنەکانی ترەوە دەردەچێت لە خوێن وڕشانەوە، ئەمان نابنە هۆی شکاندنی دەستنوێژ ؛ زۆر وکەمیان.

وباوەڕی هەندێک لە ئافرەتان سەبارەت بەوەی ئەمە نابێتە هۆی شکاندنی دەستنوێژ ؛ هیچ بنچینەیەکی نیە، مەگەر وتەیەک کە هی ئیبن حەزمە، دەڵێت: ئەمە دەستنوێژ ناشکێنێت، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی لەسەر ئەمە باس نەکردووە، ئەگەر بەڵگەی هەبووایە لە قورئان وسونەت یان وتەی هاوەڵان ئەوا قسە قسەی ئەو دەبوو.

و لەسەر ئافرەتە لە خوا بترسێت، وسوور بێت لەسەر پاکێتی لاشەی؛ چونکە نوێژ کردن بە ناپاکێتی قبوڵ ناکرێت ئەگەرچیش سەد جار نوێژ بکات، بەڵکو هەندێک لەزانایان وتوویانە: ئەوەی بە ناپاکێتی -بێ ئەوەی دەستنوێژی هەبێت- نوێژ بکات ؛ کافرە، چونکە ئەمە گاڵتەکردنە بە ئایەتەکانی الله -سبحانه وتعالی-.

**پ٣٦: ئەگەر ئافرەتێک ئەم تەڕییەی بەبەردەوام لێوە بێتە خوار ؛ دەستنوێژ بگرێت بۆ نوێژی فەرز، ئایا دەتوانێت هەرچەندێک بیەوێت نوێژ بکات یان قورئان بخوێنیت بەو دەستنوێژەوە کە نوێژی فەرزی پێوە کردووە هەتاوەکو فەرزی پاشتر؟**

و٣٦: ئەگەر ئافرەت دەستنوێژی گرت بۆ نوێژی فەرز لەسەرەتای کاتەکەیدا ئەوا دەتوانێت هەرچەندێک بیەوێت نوێژی فەرز وسونەت بکات وقورئان بخوێنێت هەتاوەکو کاتی نوێژی فەرزی پاشتر دێت.

**پ٣٧: ئایا دروستە ئەوئافرەتە نوێژی چێشتەنگاو بکات ؛ بەدەستنوێژی نوێژی بەیانیەوە؟**

و٣٧: نەخێر، دروست نیە، چونکە نوێژی چێشتەنگاو دیاریکراوە بەکاتێک، بۆیە دەبێت لەکاتی هاتنی ماوەکەی ؛ دەستنوێژ بگرێت، چونکە ئەم ئافرەتە وەکو ئافرەتی ئیستیحازەدار وایە، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیکردووە بە ئافرەتی ئیستیحازەدار کە دەستنوێژ بگرێت بۆ هەموو نوێژێک.

کاتی نیوەڕۆ: لە زەوالەوە -کاتی لادانی خۆر لەنیوەی ئاسمان- هەتاوەکو کاتی هاتنی عەسر.

وکاتی عەسر: لە کاتی نەمانی نیوەڕۆ هەتاوەکو زەردبوونی خۆر، وکاتی پێویستی؛ هەتاوەکو خۆر ئاوا دەبێت.

وکاتی مەغریب: لە کاتی ئاوابوونی خۆرەوە هەتاوەکو نەمانی ئاسۆی سوور لەئاسمان.

وکاتی عیشا: لە کاتی نەمانی ئاسۆی سوور لەئاسمان هەتاوەکو نیوەی شەو.

**پ٣٨: ئایا دروستە ئەم ئافرەتە بەدەستنوێژی نوێژی عیشاوە ؛ شەونوێژ بکات ئەگەر نیوەی شەو تەواو بوو؟**

و٣٨: نەخێر، ئەگەر نیوەی شــەو تەواو بوو ئەوا واجبە دەســتنوێژێکی نوێ بگرێتەوە، و ووتراوە: نەخێر واجب نیە دەســتنوێژ بگرێتەوە، بەڵام بۆچوونی دووەم پەسەندترە.

**پ٣٩: ئایا کەی کۆتا کاتە بۆ ئەنجامدانی نوێژی عیشا ؟ وچۆن بیزانین؟**

و٣٩: کۆتا کات بۆ ئەنجامدانی نوێژی عیشا ؛ نیوەی شەوە، دەتوانین بیزانین بەدابەشــکردنی کاتی خۆر ئاوا بوون ودەرکەوتنی بەرە بەیان بۆ دوو بەش، نیوەی یەکەم کاتی نوێژی عیشــایە، ونیوەی دووەم کاتی نوێژی عیشــا نیە، بەڵکو ماوەیەکە لەنێوان نوێژی عیشا وبەیانی.

**پ٤٠: ئەگەر دەستنوێژ بگرێت ئەو ئافرەتەی کە تەڕیە بە پچڕپچڕی لێیەوە دێتە خوار، وپاش تەواوبوونی دەستنوێژەکەی وپێش نوێژکردن ؛ جارێکی تر دابەزێت، ئایا چی لەسەرە؟**

و٤٠: ئەگەر بە پچڕپچڕی بێتە خوارەوە با چاوەڕێ بکات هەتاوەکو ئەو کاتەی تەواو دەبێت وکۆتایی پێدێت، بەڵام ئەگەر حاڵەتێکی دیاریکراوی نەبێت، وماوەیەک دابەزێ وماوەیەکی تر دانەبەزێ، ئەوا لەم حاڵەتەدا دەســتنوێژ دەگرێت پاش هاتنی کاتی نوێژ، ونوێژ دەکات وهیچ شتێکی لەسەر نیە.

**پ٤١: ئایا چی بکات کاتێک ئەو تەڕییە بەر لاشەی یان جلەکەی دەکەوێت؟**

و٤١: ئەگەر پاک بێت هیچ شــتێکی لەســەر نیە، بەڵام ئەگەر پیس بێت -ئەمیش ئەوەیە کە لە میزڵدانەوە دەردەچێت- ئەوا لەم حاڵەتە دەبێت بیشوات وخۆی پاک بکاتەوە.

**پ٤٢: سەبارەت بە دەستنوێژ لەو تەڕییە، ئایا تەنها ئەندامەکانی دەستنوێژ بشوات؟**

و٤٢: بەڵێ، تەنها ئەمە بەسە ئەگەر پاک بێت، وئەمیش ئەگەر ئەوە بێت کە لە منداڵدانەوە -ڕەحمەوە- دەردەچێت، نەک ئەوەی لە میزڵدانەوە دەردەچێت.

**پ٤٣: ئایا هۆکاری چیە هیچ فەرموودەیەک نەگێڕدراوەتەوە لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کە بەڵگە بێت لەسەر دەستنوێژ شکاندن بە ئەم تەڕییە، ئەگەرچیش هاوەڵان لەئافرەتان بەپەرۆش بوون لەسەر داواکردنی فەتوا سەبارەت بە مەسەلەکانی ئاینەکەیان؟**

و٤٣: چونکە ئەم تەڕییە لەهەموو ئافرەتێکەوە دەرناچێت، لەوەیە زۆر دەگمەن بووبێت لەو کاتەدا بەراورد لەگەڵ ئێستادا.

**پ٤٤: هەر ئافرەتێک دەستنوێژ نەگرێت؛ بەهۆی نەزانینی سەبارەت بە ئەم حوکمە، ئایا چی بکات؟**

و٤٤: دەبێت تەوبە بکات وداواي لێخۆشبوون بکات لە خوای گەورە -عز وجل-، وپرسیار لە زانایان بکات سەبارەت بەم بابەتە.

**پ٤٥: هەندێک دەگێڕنەوە کە تۆ دەڵێیت دەستنوێژ ناگرێت لەپاش دەرچوونی ئەو تەڕییە؟**

و٤٥: ئەوەی ئەم قسەیە دەداتە پاڵ من ؛ ڕاستگۆ نیە، ودیارە لێم تێگەیشتووە کاتێک وتوومە : پاکە، لەوەیە وا تێگەیشتبێت لەبەرئەوەی پاکە بۆیە دەستنوێژ بەهۆیەوە ناشکێت.

**پ٤٦: ئایا حوکمی ئەو لێڵاوە چیە کە لە ئافرەتەوە دەردەچێت لەپێش سوڕی مانگانە بەڕۆژێک یان دووان یان کەمتر، ولەوەیە ئەوەی دەردەچێت لەشێوەی تیرێکی ڕەش یان قاوەیی بێت یان هاوشێوەی ئەمانە؟ وحوکمی چیە ئەگەر پاش سوڕی مانگانە دەربچێت؟**

و٤٦: ئەگەر لەپێش سوڕی مانگانە بێت ئەوا بەشێکە لە سوڕی مانگانە، وئەمیش دەزانرێت بەهۆی ئازار وئازاری سک کە تووشی ئافرەت دەبێت لە کاتی هاتنی سوڕی مانگانەی.

سەبارەت بە لێڵاو لەپاش سوڕی مانگانە ؛ چاوەڕوان دەبێت هەتاوەکو نامێنێت، ئەو لێڵاوەی لەگەڵ سوڕی مانگانەیە هەر بە سوڕی مانگانە دادەنرێت؛ چونکە عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- دەلێت: پەلە مەکەن هەتاوەکو پارچە سپیەکە دەبینن، وخودا زاناترە.

*******

# حوکمەکانی سوڕی مانگانە لە حەج وعومرەدا

**پ٤٧: ئافرەتی حەیزدار چۆن دوو ڕکاتی ئیحرام بکات ؟ وئایا ڕێگەپێدراوە ئافرەتی حەیزدار ئایەتەکانی قورئان بخوێنێت بەنهێنی یان نا ؟**

و٤٧: یەکەم: پێویستە بزانین کە ئیحرام نوێژکردنی نیە؛ چونکە نەهاتووە لەپێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم- کە ڕێگەی دابێت بە ئومەتەکەی نوێژی ئیحرام بکەن نە بە قسە ونە بە کردەوە، ونە بە ڕازی بوونی لەسەر کردەوەی یەکێک کە کردبێتی.

دووەم: ئەم ئافرەتە حەیزدارە کە تووشی سوڕی مانگانە بووە پێش ئەوەی ئیحرام ببەستێت، دەتوانێت ئیحرام ببەستێت لەکاتێکدا حەیزدارە؛ چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی بە ئەسمائی کچی عومەیس کرد خێزانی ئەبی بەکر -ڕەزای خوای لێبێت- کاتێک تووشی زەیستانی بوو لە زی ئەلحولەیفە -ذي الحليفة-، فەرمانی پێیکرد خۆی بشوات ودامێنی بە پارچەیەک توند بکات، وئیحرام دەستپێبکات، وهەروەها ئافرەتی حەیزدار بەم شێوەیە، لەسەر ئیحرامەکەی دەمێنێت هەتاوەکو پاک دەبێتەوە، پاشان تەواف دەکات بەدەوری کەعبە، وسەعی دەکات -دێت ودەڕوات لەنێوان سەفا ومەڕوەدا-.

سەبارەت بەوەی دەڵێت: (ئایا دەتوانێت قورئان بخوێنێت): بەڵێ، ئافرەتی حەیزدار مافی ئەوەی هەیە قورئان بخوێنێت لەکاتی پێویستی یان بەرژەوەندی، بەڵام ئەگەر پێویست نەبێت وبەرژەوەندیەک نەبێت، بەڵکو تەنها بۆ نزیکبوونەوە لە خوای گەورە وبەدەستهێنانی پاداشت بێت، ئەوا باشتر وایە نەیخوێنێت.

**پ٤٨: ئافرەتێک سەفەری کرد بۆ حەج کردن، وتووشی سوڕی مانگانە بوو لەپاش پێنج ڕۆژ لە ڕۆژی سەفەرکردنی، وپاش گەیشتنی بە میقات ؛ خۆی شۆرد ونیەتی ئیحرامی هێنا، هێشتا لە سوڕی مانگانە پاک نەبووەتەوە، وکاتێک گەیشت بە مەککە لە دەرەوەی حەرەمی پیرۆز مایەوە، وهیچ شتێکی نەکرد لە دروشمەکانی حەج یان عومرە، ودوو ڕۆژ لە مینا مایەوە، پاشان پاکبوویەوە، وخۆی شۆرد، وهەموو دروشمەکانی عومرەی بە پاکیەوە جێبەجێ کرد، پاشان خوێنەکە هاتەوە لەکاتێک تەوافی ئیفازەی -طواف الإفاضة-ی دەکرد بۆ حەجکردن، بەڵام شەرمی کرد، وبەردەوام بوو لەسەر دروشمەکانی حەجکردن، وئەمەی باس نەکرد بۆ وەلی ئەمرەکەی هەتا گەیشتن بە شارەکەی خۆی، ئەمە مەسەلەیە حوکمی چیە؟**

و٤٨: حوکم لەسەر ئەم مەسەلەیە: ئەگەر ئەو خوێنەی تووشی بوو لە تەوافی ئیفازە ؛ ئەگەر خوێنی سوڕی مانگانە بێت کە ئافرەتان بەسروشتی خۆی دەیناسێتەوە وئازاری لەگەڵە ؛ ئەوا تەوافی ئیفازەکەی دروست نیە، ودەبێت بگەڕێتەوە بۆ مەککە بۆئەوەی تەوافی ئیفازە بکات، وئیحرام دەبەستێت لە میقاتەوە، وعومرە دەکات بە تەواف کردنێک وسەعی کردنێک -لە نێوان سەفا ومەڕوەدا-، وقژی کورت دەکاتەوە، پاشان تەوافی ئیفازە دەکات.

بەڵام ئەگەر ئەم خوێنە ؛ خوێنی سوڕی مانگانە نەبێت، بەڵکو خوێنێکی سروشتی ناسراو بێت، وبەهۆی قەرەباڵغی ونیگەرانی وهتد تووشی بووە، ئەوا تەوافەکەی دروستە لەلای ئەو زانایانەی دەڵێن دەستنوێژ -پاکێتی- مەرج نیە بۆ دروستێتی تەواف کردن.

ئەگەر خوێنەکە خوێنی حەیز بوو، وە نەیتوانی بگەڕێتەوە بۆ شاری مەکە، بەهۆی ئەوەی لە وڵاتێکی دوورە، حەجەکەی دروستە ؛ چونکە ئەو لەمە زیاتر ناتوانێت.

**پ٤٩: ئافرەتێک ئیحرامی بەست بۆ عومرە کردن، وپاش گەیشتن بە مەککە ؛ تووشی سوڕی مانگانە بوو، وئەو کەسە نزیکەی لەگەڵێتی ناچارە ڕاستەوخۆ سەفەر بکات، وکەسی نزیکی نیە لە مەککە، ئایا حوکمی ئەم مەسەلەیە چیە؟**

و٤٩: سـەفەری لەگەڵدا دەکات، وبە حاڵەتی ئیحرامەوە دەمێنێتەوە، پاشـان دەگەڕێتەوە کە پاکبوویەوە، ئەگەر نیشـــتەجێی ســـعودیە بێـت ؛ چونکە گەڕانەوەی ئاسانە، وماندوو نابێت، وپێویستی بە پاسپۆرت وهتد نیە.

بەڵام ئەگەر لە دەرەوەی ســـعودیە هاتبوو، وگەڕانەوەی نارەحەت بوو، ئەوا پارچەیەک بەدامێنی دەبەسـتێت وتەواف دەکات وسـەعی دەکات -لەنێوان ســـەفا ومەڕوەدا- وقژی کورت دەکـاتەوە، وعومرەکەی تەواو دەکـات لەو ســـەفەرەدا، چونکە تەوافەکەی لەو کاتەدا دەبێتە پێویســـتی، وپێویســـتی دەبێتە هۆی ڕێگەپێدانی بەو شێوەیە کارەکانی عومرەی تەواو بکات.

**پ٥٠: ئایا حوکمی ئەو ئافرەتە مسوڵمانە چیە کە تووشی سوڕی مانگانە دەبێت لەڕۆژەکانی حەجکردنی، ئایا حەجکردنەکەی دروستە؟**

و٥٠: ئەمە ناکرێت وەڵام بدرێتەوە هەتاوەکو نەزانین کەی تووشـــی ســـوڕی مانگانە بووە؟ چونکە هەندێک لە کارەکانی حەج ؛ سوڕی مانگانە نابێتە ڕێگر لە کردنیان، وهەندێکیان دەبێتە ڕێگر، نابێت تەواف بکات مەگەر پاک بێت، ودروشمەکانی تر دەتوانێت بەسوڕی مانگانەوە ئەنجامیان بدات.

**پ٥١: فەریزەتی حەجم ئەنجامدا لە ساڵی پێشوو، وهەموو دروشمەکانی حەجم جێبەجێ کرد جگە لە تەوافی ئیفازە -طواف الإفاضة- وتەوافی ماڵئاوایی -طواف الوداع- نەبێت، بەهۆی عوزرێکی شەرعیەوە نەمتوانی بیکەم، وپاشان گەڕامەوە بۆ ماڵەکەم لە شاری مەدینە بەنیەتی ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان بگەڕێمەوە بۆ ئەنجامدانی تەوافی ئیفازە وتەوافی ماڵئاوایی -طواف الوداع-، و بەهۆی نەزانینەوە کۆتاییم بە ئیحرامەکەم هێنا وهەموو شتە حەڵاڵەکانم کرد، وهەموو شتێکم کرد کە قەدەغەکراوە بکرێت لەکاتی ئیحرام بەستندا، وپرسیارم کرد سەبارەت بە گەڕانەوەم بۆ تەواف کردن، پێم ووترا: دروست نیە تەواف بکەیت، چونکە تۆ پوچەڵت کردووەتەوە ودەبێت دووبارەی بکەیتەوە -واتا: حەجەکە دووبارە بکەیتەوە جارێکی تر- لەساڵی داهاتوو، لەگەڵ سەربڕینی مانگایەک یان وشترێک، ئایا ئەمە ڕاستە؟ ئایا هیچ چارەسەرێکی تر هەیە؟ ئەگەر هەیە چیە؟ ئایا حەجەکەم پوچەڵ بووەتەوە؟ وئایا دەبێت دووبارەی بکەمەوە؟ وەڵامم بدەنەوە چی لەسەرم واجبە بیکەم، بارك الله فیکم.**

و٥١: ئەمە لەو کارەساتانەیە کە ڕوو دەدات بەهۆی فتوادان بەبێ زانست، لەسەر ئەم حاڵەت و ڕووداوە واجبە لەسەرت بگەڕێیتەوە بۆ مەککە، وتەنها تەوافی ئیفازە بکەیت.

سەبارەت بە تەوافی ماڵئاوایی ؛ ئەمە لەسەرت نیە چونکە تۆ سووڕی مانگانەت هەبووە کاتێک دەرچوویت لە مەککە، وئافرەتی حەیزدار تەوافی ماڵئاوایی لەسەر نیە؛ بەهۆی فەرموودەی ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت:

«فەرمان بەخەڵکی کرا -واتە: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانیکرد- کە کۆتا کردەوەیان (تەوافی ماڵئاوایی بێت) بەدەوری کەعبە، بەڵام ئاسانکاری کرا بۆ ئافرەتی حەیزدار -واتا: لەسەری نیە-».

وله گێڕانەوەی ئەبی داود: «کە کۆتا کردەوەیان تەواف کردن بێت بەدەوری کەعبە».

وچونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کاتێک پێی وترا ؛ سەفیە تەوافی ئیفازەی کردووە، فەرمووی:

«کەواتە با بەڕێ بکەوێت».

ئەمیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی تەوافیماڵئاوایی لادەچێت لەسەر ئافرەتی حەیزدار.

سەبارەت بە تەوافی ئیفازە ؛ دەبێت جێبەجێی بکات، چونکە بەهۆی نەزانینەوە کۆتاییت بە ئیحرامەکەت هێناوە و گوناهبار نابیت، و ئەو کەسەی بەنەزانینەوە شتێک لە قەدەغەکراوەکانی ئیحرام دەکات هیچ شتێکی لەسەر نیە، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿رَبَّنَا لاَ تُؤَاخِذْنَا إِن نَّسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا * پەروەردگارا؛ لێمان مەگرە ئەگەر فەرامۆشیمان بەسەردا هات یان گوناهو هەڵەیەکمان لە دەست قەوما﴾ [البقرة:٢٨٦]،

خوای گەورە فەرمووی: «قبوڵم کرد».

وهەروەها پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿وَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ فِيمَا أَخْطَأْتُم بِهِ وَلَكِن مَّا تَعَمَّدَتْ قُلُوبُكُمْ * (ئەگەر بەبێ هیچ مەبەستێک) هەڵەیەکتان کرد ئەوە قەیناکات، بەڵام ئەگەر لەدڵتاندا، نیەتێکی ناپاک هەبێت ئەوە لێپرسینەوەی لەسەر دەبێت﴾ [الأحزاب:٥].

هەموو قەدەغەکراوەکان کە خوای گەورە قەدەغەی کردووە لەسەر موحریم ؛ ئەگەر بە نەزانین یان بەلەبیرچوون یان بەناچاری بیانکات ئەوا هیچ شتێکی

لەسەر نیە، بەڵام ئەگەر هەرکاتێک عوزرەکەی نەمێنێت ئەوا واجبە لەسەری واز بێنێت لەو قەدەغەکراوە.

**پ٥٢: ئافرەتی زەیستانیدار کە تووشی زەیستانی بووە لە ڕۆژی تەرویە -یوم التروية-، وپایەکانی حەجی تەواو کردبێت جگە لە تەواف وسەعی نەبێت، بەڵام تێبینی کرد کە نیشانەکانی پاکبوونەوەی پاش دە ڕۆژ دەرکەوت، ئایا خۆی پاک بکاتەوە وخۆی بشوات، وپایەکەی تر جێبەجێ بکات کە بریتیە لە تەوافی حەج (تەوافی ئیفازە)؟**

و٥٢: نابێـــــت خۆی بشـــوات وتەواف بکات هەتاوەکو دڵنیا دەبێت لەوەی پاکبووەتەوە، ولە پرسیارەکەوە تێدەگەین کە دەڵێت : (سەرەتای نیشانەکان ؛ ئـامـاژەیە بۆ ئەوەی بەتەواوی پـاک نەبووەتەوە، دەبێـت پـاکێتی بەکـامڵی ببینێ، هەرکاتێک پاکبوویەوە بەتەواوی ئەوا خۆی دەشوات، وتەواف وسەعی دەکات.

وئەگەر ســـەعی بکات لەپێش تەواف کردن ئەمە هیچ شـــتێکی تێدا نیە؛ چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە حەجدا پرسیاری لێکرا سەبارەت بەو کەســەی ســەعی کردووە پێش ئەوەی تەواف بکات، ئەویش فەرمووی: «هیچ شتێکی تێدا نیە».

واتا تاوانبار نیە.

**پ٥٣: ئافرەتێک ئیحرامی بەستووە بۆ ئەنجامدانی حەج لە (ئەلسەیلەوە: [یان پێی دەووترێت : قەرن ئەلمەنازل] دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی مەککە) لەکاتێکدا تووشی سوڕی مانگانە هاتبوو، وکاتێک گەیشتە مەککە ڕۆیشت بۆ جەدە (شارێکە لە ڕۆژئاوای سعودیە لەکەناری دەریای سوور)؛ بەهۆی پێویستیەک، ولە جەدە پاکبوویەوە، وخۆی شۆرد، وقژی شانە کرد، پاشان بەردەوام بوو لەسەر ئەنجامدانی حەجەکەی، ئایا حەج کردنەکەی دروستە؟ وئایا هیچ شتێکی لەسەرە؟**

و٥٣: حەج کردنەکەی دروستە، وهیچ شتێکی لەسەر نیە.

**پ٥٤: من چووم بۆ عومرە، کاتێک گەیشتمە میقات تووشی سوڕی مانگانە بووم، ونیەتی ئیحرام کردنم نەهێنا، ولە مەککە بووم هەتاوەکو پاک بوومەوە، لە مەککەوە ئیحرامم بەست، ئایا ئەمە ڕێگەپێدراوە؟ یان چی لەسەرمە؟ وچی لەسەرم واجبە؟**

و٥٤: ئەم کارە جائیز نیە، وئەو ئافرەتەی دەیەوێت عومرە بکات ؛ ڕێگەپێدراو نییە میقات تێپەڕێنێت مەگەر بە ئیحرام کردنەوە نەبێت ئەگەرچیش تووشی سوڕی مانگانە هاتبێت، ئیحرام دەبەستێت بەسوڕی مانگانەوە، ونیەتی ئیحرامەکەی دادەمەزرێت، ودروستە، وبەڵگەیش لەسەر ئەمە:

ئەسمائی کچی عومەیس خێزانی ئەبی بەکر -ڕەزای خوایان لێبێت- منداڵی بوو، وپێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- لە زی ئەلحولەیفە -ذي الحليفة- بوو، ودەیویست حەجیماڵئاوایی ئەنجام بدات، پرسیاری لە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- کرد: چی بکات؟ فەرمووی: «خۆت بشۆ، بە جلێک -دامێنت- توند بکە، نیەتی ئیحرام بەستن بهێنە».

وخوێنی سوڕی مانگانە وەکو خوێنی زەیستانی وایە. بەو ئافرەتە دەڵێین کە بە میقاتدا تێپەڕ بووە، ودەیەوێت عومرە یان حەج بکات : خۆت بشۆ، وپارچە

قوماشـێک توند بکە لەسـەر دامێنت، ونیەتی  ئیحرام بەسـتن بهێنە. وپارچە قوماشـێک توند بکات لەسـەر دامێنی: مەبەسـت ئەوەیە لەسـەر عەورەتی پارچە قوماشــێک ببەســتێت، وباش توندی بکات، پاشــان نیەتی ئیحرام بهێنێت بۆ کردنی حەج یان عومرە، بەڵام ئەگەر ئیحرامی بەسـت وگەیشـت بە مەککە نـابێت بچێت بۆ نزیـک کەعبە وتەواف بکـات ؛ هەتـاوەکو پـاک دەبێتەوە، بۆیە پێغەمبەر -صـلى الله علیه وسـلم- بە عائیشـەی فەرموو کاتێک تووشی سوڕی مانگانە بوو لەکاتی عومرەدا، فەرمووی:

«ئەوەی حاجی ئەنجامی دەدات تۆیش ئەنجامی بدە، مەگەر ئەوە نەبێت تەواف مەکە بە دەوری کەعبە هەتاوەکو پاک دەبیتەوە» [رواه البخاري ومسلم].

وله [صـحیح البخاري] هەروەها هاتووە، عائیشـە باسـی ئەوەی کرد کاتێک پـاک بوویەوە تەوافی کرد بەدەوری کەعبە، وسـەعی کرد لەنێوان سـەفا ومەروە،ئەمە بەڵگەیە لەسـەر ئەوەی ئـافرەت ئەگەر ئیحرامی بەسـت بۆ کردنی حەج وعومرە لەکاتێکدا تووشـی سـوڕی مانگانە هاتووە، یان تووشـی سـوڕی مـانگـانە هـات لەپێش تەواف کردن، ئەوا تەواف وسـەعی نـاکـات هەتاوەکو پاک دەبێتەوە وخۆی دەشوات.

بەڵام ئەگەر تەوافی کرد بەپـاکیەوە، پـاش ئەوەی تەوافەکەی تەواو کرد ؛ تووشی سوڕی مانگانە بوو، ئەوا بەردەوام دەبێـت، وسەعی دەکات لەنێوان سـەفا ومەروە ئەگەرچیش بە سـوڕی مانگانەوە بێت، وقژی کورت دەکاتەوە وعومرەکەی تەواو دەکات؛ چونکە سـەعی کردن لەنێوان سـەفا ومەروە مەرجی پاکێتی لەگەڵدا نیە.

**پ٥٥: لە یەنبوعەوە -شارێکە لە سعودیە- هاتم بۆ عومرە لەگەڵ خێزانەکەم، بەڵام کاتێک گەیشتم بە جەدە ؛ خێزانەکەم تووشی سوڕی مانگانە بوو، وە من بەتەنها عومرەکەم تەواو کرد بێ ئەوەی خێزانەکەم لەگەڵدا بێت، ئایا حوکم چیە سەبارەت بە خێزانەکەم؟**

و٥٥: حوکم سـەبارەت بە خێزانەکەت: ئەوەیە بمێنیتەوە هەتاوەکو پاک دەبێتەوە، پاشـان عومرەکەی دەکات؛ چونکە پێغەمبەر -صـلى الله علیە وسـلم- کاتێک سـەفیە -ڕەزای خوای لێبێت- تووشـی سـوڕی مانگانە بوو، فەرمووی:

«ئایا ڕێگر دەبێت لەوەی بگەڕێینەوە؟» ووتیان: ئەو تەوافی ئیفازەی کردووە، فەرمووی: «کەواتە با جیا بێتەوە» واتا: ئەو شوێنە جێبهێڵێت، کاتێک -صلى الله علیه وسلم- فەرمووی: «ئایا ڕێگر دەبێت لەوەی بگەڕێینەوە؟».

ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی واجبە ئافرەت بمێنێتەوە -ئەگەر تووشی سوڕی مانگانە بوو پێش تەوافی ئیفازە- هەتاوەکو پاک دەبێتەوە، پاشـان تەواف دەکات.

وهەروەهـا تەوافی عومرە وەکو تەوافی ئیفـازە وایە؛ چونکە پـایەیەکە لە عومرە، بۆیە ئەگەر ئافرەتی عومرەکار تووشی سوڕی مانگانە بوو پێش تەواف کردن ئەوا چاوەڕێی دەکات هەتاوەکو پاک دەبێتەوە، پاشان تەواف دەکات.

**پ٥٦: ئایا مەسعا -المسعی- (ئەو شوێنەی حاجیەکان تێیدا سەعی دەکەن -دێن ودەڕۆن- لەنێوان سەفا ومەرەوە) بەشێکە لە حەرەمی پیرۆز؟ ئایا ڕێگەپێدراوە ئافرەتی حەیزدار نزیکی بێتەوە؟ ئایا واجبە لەسەر ئەو کەسەی دەچێتە نێو حەرەمی پیرۆزەوە لە مەسعاوە ؛ دوو ڕکاتی -تحیة المسجد- بکات؟**

و٥٦: وا دەردەکەوێت مەسعا بەشێک نیە لە مزگەوتەکە، بۆیە دیوارێکی جیاکارەوەیان لەنێوانیان داناوە، بەڵام دیوارێکی بچووکە، وهیچ گومانێک نیە لەوەی ئەمە خێرترە بۆ خەڵکی ؛ چونکە ئەگەر بهێنرایەتە نێو مزگەوتەکەوە وبەشێک بووایە لێی، ئەوا ئافرەت ئەگەر تووشی سوڕی مانگانە بووایە ؛ نەیدەتوانی سەعی بکات.

وئەوەی فەتوای لەسەر دەدەم: ئەگەر ئافرەت تووشی سوڕی مانگانە بێت لەپاش تەواف کردن وپێش سەعی کردن ئەوا سەعی دەکات؛ چونکە مەسعا بە مزگەوت دانانرێت.

سەبارەت بە دوو ڕکاتی -تحیة المسجد- دەووترێت: ئەگەر مرۆڤ سەعی کرد لەپاش تەواف کردن، پاشان گەڕایەوە بۆ نێو مزگەوتەکە، ئەوا ئەو دوو ڕکاتە دەکات، وئەگەر ئەنجامیان نەدات ؛ ئەوا هیچ شتێکی لەسەر نیە، وباشتر وایە ئەم هەلە لەدەست نەدات، ودوو ڕکاتەکە ئەنجام بدات؛ چونکە نوێژکردنی لەم شوێنە پیرۆزە فەزڵ وپاداشتێکی تایبەتی هەیە.

**پ٥٧: حەجم کرد، وتووشی سوڕی مانگانە بووم، شەرمم کرد بە کەس بڵێم، وچوومە نێو حەرەمەوە، ونوێژم کرد، وتەوافم کرد، وسەعیم کرد، ئایا چیم لەسەرە، لەکاتێکدا ئەمە لەپاش تەواوبوونی خوێنی زەیستانی تووشم بوو؟**

و٥٧: حەڵاڵ نیە بۆ ئافرەت ئەگەر حەیزدار یان زەیستانیدار بێت ؛ نوێژ بکات، ئەگەر لە مەککە یان لە شارەکەی خۆی بێت یان لە هەرشوێنێکی تر؛ چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەبارەت بەئافرەت فەرموویەتی:

«ئەوە نییە کاتێك تووشـــی ســـوڕی مـانگـانە دەبێت، نوێژ ناکات ورۆژوو ناگرێت».

ومســـوڵمانان یەکدەنگن لەســـەر ئەوەی حەڵاڵ نیە بۆ ئافرەتی حەیزدار کە ڕۆژوو بگرێت وحەڵاڵ نیە بۆی کە نوێژ بکات.

بـۆیە ئەم ئـافـرەتەی کە ئەمەی کـردووە، دەبـێـت تەوبە بـکـات وداوای لێخۆشبوون لە اللّٰە بکات، وداوای لێخۆشبوون بکات لەوەی ڕوویداوە.

ســـەبارەت بە تەوافەکەی لەکاتی حەیزداربوونی ؛ دروســـت نیە، وســـەعی کردنەکەی دروستە؛ چونکە ڕای پەسەند ئەوەیە ڕێگەپێدراوە سەعی بخرێتە پێش تەواف کردنەوە لە حەجدا، وبۆیە واجبە لەســـەری کە تەوافەکەی دووبارە بکاتەوە؛ چونکە تەواف کردنی ئیفازە پایەیەکە لە پایەکانی حەج کردن، وکۆتا هەڵوەشاندنەوەی ئیحرام بەستن پاش ئەمە جێبەجێ دەبێت.

بۆیە ئەم ئافرەتە نابێت مێردەکەی لەگەڵی جووت بێـــت هەتاوەکو تەواف دەکـات -ئەمە ئەگەر هـاوســـەرگیری کردبوو-، و -ئەگەر هـاوســـەرگیری نەکردبوو- نابێت گرێبەستی هاوسەرگیری لەگەڵدا بکرێت هەتاوەکو تەواف دەکات، وخودا زاناترە.

**پ٥٨: ئەگەر ئافرەت توشی سوڕی مانگانە بوو لەڕۆژی عەرەفە ئایا چی بکات؟**

و٥٨: ئەگەر ئـافرەت تووشـــی ســـوڕی مـانگـانە بوو لەڕۆژی عەرەفە ؛ ئەوا بەردەوام دەبێت لە حەجکردن، وئەوەی خەڵکی دەیکات ؛ ئەویش دەیکات، وتەواف ناکات بەدەوری کەعبە هەتاوەکو پاک دەبێـتەوە.

**پ٥٩: ئەگەر ئافرەت تووشی سوڕی مانگانە بوو لەپاش فڕێدانی بەردەکانی -جەمرەتی عەقەبە:جمرة العقبة-، وپێش تەوافی ئیفازە -طواف الإفاضة-، لەکاتێکدا ئافرەتەکە ومێردەکەی پەیوەستن بە کۆمەڵێکی هاوسەفەر، ئایا چی بکات، لەکاتێکدا ناتوانێت بگەڕێتەوە پاش سەفەرکردنی؟**

و٥٩: ئەگەر نەتوانێت بگەڕێـــتەوە ئەوا پارچە پەڕۆیەک بەتوندی دەبەستێت -بەسەر دامێنیەوە-، پاشان تەواف دەکات ؛ چونکە ناچار وپێویستە، وهیچ شتێکی لەسەر نیە، وهەموو کردەوەکانی تری حەجی تەواو دەکات.

**پ٦٠: ئەگەر ئافرەتی زەیستانی پاک بوویەوە پێش چل ڕۆژ ئایا حەج کردنەکەی دروستە؟ وئەگەر پاکێتی نەبینی چی بکات، لەکاتێکدا کە نیەتی حەج کردنی هێناوە؟**

و٦٠: ئەگەر ئافرەتی زەیستانی پاک بوویەوە پێش چل ڕۆژ ئەوا خۆی دەشوات ونوێژ دەکات، وهەموو شـــتێک دەکات کە ئافرەتان دەیکەن تەنانەت تەواف کردنیش؛ چونکە نیفاس هیچ سنوورێکی نیە بۆ کەمترین ماوەی.

بەڵام ئەگەر پاک بوونەوەی نەبینی ؛ ئەوا حەجەکەی دروســتە، بەڵام تەواف ناکات بەدەوری کەعبە هەتاوەکو پاک دەبێتەوە؛ چونکە پێغەمبەر -صـــلی الله علیه وســـلم- ڕێگری کرد لەئـافرەتی حەیزدار تەواف بکـات بەدەوری کەعبە، وئافرەتی زەیستانیش هەمان حوکمی هەیە لەم بابەتەدا.

*******

# پێڕست

**پێشەکی ............................................................................................ ٤**

**لە حوکمەکانی حەیز -سوڕی مانگانە- لە نوێژ و ڕۆژوودا.................................................٥**

پ١: ئەگەر ئافرەت ڕاستەوخۆ پاک بوویەوە لەپاش دەرکەوتنی بەرە بەیان ئایا خۆی بگرێتەوە لەو شتانەی ڕۆژوو دەشکێنن وئەو رۆژە بەڕۆژوو بێت؟ بەم شێوەیە ئەو ڕۆژە ڕۆژووی گرتووە، یان ئەو ڕۆژەی لەسەر دەمێنێت ودەبێت بیگرێتەوە؟......................................................... ٥

پ٢: ئەگەر ئافرەتی حەیزدار پاکبوویەوە، وخۆی شۆرد پاش نوێژی بەیانی، ونوێژی کرد، وبەردەوام بوو لەسەر ڕۆژووگرتنی ئەو ڕۆژە، ئایا واجبە ئەو ڕۆژە بە قەزا بگێڕێتەوە؟ ................................ ٦

پ٣: ئایا واجبە لەسەر ئەو ئافرەتەی تووشی زەیستانی بووە کە ڕۆژوو بگرێت ونوێژ بکات ئەگەر پاک بوویەوە پێش چل ڕۆژ؟ ........................................................................................ ٧

پ٤: ئەگەر ئافرەت سوڕی مانگانەکەی هەشت یان حەوت ڕۆژ بوو، پاشان بەردەوام بەم شێوەیە ؛ و یەک جار یان دوو جار زیاتر بوو لەم ماوەیە، ئەمە حوکمی چیە؟ ........................................ ٧

پ٥: ئایا ئافرەتی زەیستانیدار چل ڕۆژ دادەنیشێت نوێژ ناکات وڕۆژوو ناگرێت، یان پەند بە پچڕانی خوێنە، هەرکاتێک خوێنەکەی پچڕا ؛ پاک دەبێتەوە ونوێژ دەکات؟ وکەمترین ماوە بۆ پاکبوونەوە چەندە؟ ....................................................................................................... ٨

پ٦: ئەگەر لەمانگی ڕەمەزاندا تەنها خوێنێکی کەم -چەند دڵۆپەیەکی کەم- لە لایەن ئافرەتەوە بێتە خوارەوە، وبەردەوام بێت بەدرێژایی مانگی ڕەمەزان وئەو بەڕۆژوو بێت، ئایا ڕۆژووەکەی دروستە؟.. ٩

پ٧: ئەگەر ئافرەتی حەیزدار یان زەیستانیدار پاکبوویەوە پێش دەرکەوتنی بەرە بەیان -پێش کاتی نوێژی بەیانی-، وخۆی نەشۆرد هەتا پاش دەرکەوتنی بەرەبەیان -پاش هاتنی کاتی نوێژی بەیانی-، ئایا ڕۆژووەکەی دروستە یان نا؟ ..................................................................... ٩

پ٨: ئەگەر ئافرەت هەستی بەخوێن کرد، بەڵام خوێن دەرنەچووە لە پێش ڕۆژئاوابوون، یان هەستی بە ئازاری سوڕی مانگانە کرد وخوێنی لە پێش خۆرئاوا بوون نەبینی، ئایا ڕۆژووگرتنەکەی دروستە لەو ڕۆژەدا، یان واجبە لەسەری پاش ڕەمەزان ڕۆژووەکە بگرێتەوە؟ .............................................١٠

پ٩: ئەگەر ئافرەت خوێنی بینی، ودڵنیا نەبوو لەوەی خوێنی سوڕی مانگانەیە، ئایا حوکمی بەڕۆژووبوونی ئەو ڕۆژە چییە؟..........................................................................١٠

پ١٠: هەندێکجار ئافرەت شوێنەوارێکی کەمی خوێن یان چەند دڵۆپەیەکی کەم لە خوێن دەبینێت بەپچڕپچڕ لە ڕۆژدا، جارێک دەیبینێت لەکاتی سوڕی مانگانە لەکاتێکدا خوێنەکەی دانەبەزیوە، وجارێکی تر دەیبینێت لەکاتێکی تردا جگە لەکاتی سوڕی مانگانە، حوکمی ڕۆژووەکەی چیە لە هەردوو حاڵەتەکەدا؟...................................................................................................١١

پ١١: ئایا ڕێگەپێدراوە ئافرەتی حەیزدار وزەیستانی بخۆن وبخۆنەوە لە ڕۆژەکانی مانگی ڕەمەزان؟ ... ١١

پ١٢: ئەگەر ئافرەتی حەیزدار یان زەیستانیدار پاکبوویەوە لەکاتی نوێژی عەسر، ئایا دەبێت نوێژی نیوەڕۆ لەگەڵ عەسر بکات، یان تەنها دەبێت نوێژی عەسر بکات؟ ........................................ ١١

پ١٣: هەندێک لەئافرەتان سکەکەیان لەبار دەبەن ولە دوو حاڵەت بەدەر نییە: یان ئەوەتا پێش دروستبوونی کۆرپەلەکەیە، یان پاش دروستبوونی کۆرپەلەکەیە وهێڵکاری لاشەی دەردەکەوێت، ئایا حوکمی ڕۆژووگرتنی چیە لەو ڕۆژەدا کە کۆرپەلەکەی تێدا لەبار بردووە، وهەروەها ڕۆژووگرتنی ئەو ڕۆژانەی کە خوێنی تێدا دەبینێت؟ ........................................................................ ١٢

پ١٤: دابەزینی خوێن لە ئافرەتی سکپڕ لە کاتی ڕۆژی ڕەمەزان، ئایا کاریگەری دەبێت لەسەر ڕۆژووەکەی؟ ........................................................................................................ ١٣

پ١٥: ئەگەر ئافرەت لە ماوەی سوڕی مانگانەی ڕۆژێک خوێنی بینی، ولە ڕۆژی دواتر خوێنی نەبینی بەدرێژایی ڕۆژ، دەبێت چی بکات؟ ...................................................................... ١٤

پ١٦: لەکۆتا ڕۆژەکانی سوڕی مانگانە وپێش پاکبوونەوە ئافرەت هیچ شوێنەوارێکی خوێن نابینێت، ئایا ئەو ڕۆژە بەڕۆژوو بێت، لەکاتێکدا پارچە -تیرە- سپیەکەی (القصة البيضاء)ی نەبینیوە، ئایا چی بکات لەم حاڵەتەدا؟ ............................................................................................ ١٤

پ١٧: ئایا حوکمی خوێندنەوەی قورئان چییە بە سەیرکردنی یان خوێندنەوەی بەلەبەرکردنەوە لەکاتی پێویستی وەکو ئەوەی فێرخواز یان مامۆستا بێت بۆ ئافرەتی حەیزدار وزەیستانیدار؟ ................ ١٤

پ١٨: ئایا دەبێت ئافرەتی حەیزدار جلەکانی بگۆڕێت لەپاش پاکبوونەوە، ئەگەرچیش بزانێت جلەکەی خوێن وپیسی بەر نەکەوتووە؟ .......................................................................... ١٥

پ١٩: ئافرەتێک حەوت ڕۆژ لە ڕەمەزان بەڕۆژوو نەبوو چونکە تووشی زەیستانی هاتبوو، وڕۆژووەکانی نەگرتەوە هەتاوەکو ڕەمەزانێکی تر هات، وڕەمەزانی دواتر حەوت ڕۆژ بەڕۆژوو نەبوو بەهۆی شیردانەوە، وئەو ڕۆژووانەی نەگرتەوە؛ بەهۆی نەخۆشیەوە کە تووشی هاتبوو، ئایا چی لەسەرە لەکاتێکدا نزیکە لەوەی ڕەمەزانی سێیەم بێت؟ . ........................................................... ١٥

پ٢٠: هەندێک ئافرەت ؛ ڕەمەزانێکی تریان بەسەردا دێت لەکاتێکدا هەندێک ڕۆژووی ڕەمەزانی پێشوویان نەگرتووە، ئایا واجب چیە لەسەریان؟ ....................................................... ١٦

پ٢١: بۆ نمونە ئەگەر ئافرەت کاتژمێر یەکی نیوەڕۆ تووشی سوڕی مانگانە بوو، لەکاتێکدا هێشتا نوێژی نیوەڕۆی نەکردووە، ئایا دەبێت ئەو نوێژە بە قەزا بگێڕێتەوە لەپاش پاکبوونەوە؟ ...................... ١٦

پ٢٢: ئەگەر ئافرەتی سکپڕ خوێنی بینی لەپێش لەدایکبوونی کۆرپەلەکەی بەڕۆژێک یان دووان، ئایا واز لە نوێژ وڕۆژووگرتن بهێنێت بەهۆی ئەمە، یان چی بکات؟ ............................................ ١٧

پ٢٣: ئایا ڕات چیە سەبارەت بە خواردنی حەپی ڕێگر لە سوڕی مانگانە ؛ بۆئەوەی لەگەڵ خەڵکی بەڕۆژوو بێت؟ ........................................................................................ ١٧

پ٢٤: ئافرەتێک پاش دوو مانگ لەزەیستانی، وپاش ئەوەی پاک بوویەوە ؛ هەندێک دڵۆپە خوێن دەبینێت، ئایا ڕۆژووەکەی بشکێنێت، ونوێژ نەکات؟ یان چی بکات؟ ........................................ ١٨

پ٢٥: هەندێک ئافرەت خوێنیان بەردەوامە، وهەندێکجار خوێنەکە دەپچڕێت بۆ ڕۆژێک یان دوان، پاشان دەگەڕێتەوە، ئایا حوکمی ئەم حاڵەتە چیە سەبارەت بۆ ڕۆژووگرتن و نوێژکردن وهەموو پەرستنەکانی تر؟ ........................................ ١٩

پ٢٦: کامیان باشترە بۆ ئافرەت: شەوەکانی ڕەمەزان لەماڵەکەی خۆی نوێژ بکات، یان لە مزگەوت، بەتایبەت ئەگەر لەمزگەوتدا ئامۆژگاری و وتار هەبێت؟ وڕێنموێنیت چیە بۆ ئەو ئافرەتانەی کە لە مزگەوتدا نوێژ دەکەن؟ ........................................ ١٩

پ٢٧: ئایا حوکمی تامکردنی چێشت لەلایەن ئافرەتەوە چیە لەڕۆژی ڕەمەزاندا ، لەکاتێکدا بەڕۆژووە؟ ........................................ ٢٠

پ٢٨: ئافرەتێک لە ڕووداوێکدا ؛ بریندار بوو لەسەرەتای سکپڕیدا ومنداڵەکەی لەبارچوو بەهۆی خوێنبەربوونێکی زۆرەوە، ئایا دەبێت ڕۆژوو نەگرێت، یان بەردەوام بێت لەسەر رۆژووگرتن؟ وئەگەر رۆژووی نەگرت ئایا گوناهبارە؟ ........................................ ٢٠

پ٢٩: من ئافرەتێکم ساڵێک پێش ئێستا منداڵەکەم لەبارچوو لە مانگی سێیەم، ونوێژم نەکرد هەتاوەکو پاکبوومەوە، وپێم ووترا: دەبوایە نوێژت بکردایە، ئایا چیبکەم، لەکاتێکدا نازانم چەند ڕۆژ نوێژم نەکردووە؟ ........................................ ٢٢

پ٣٠: پرسیارکارێک دەڵێت: لەو کاتەوەی ڕۆژوو لەسەری واجبە ؛ رۆژوو دەگرێت، بەڵام ئەو ڕۆژانە ناگرێتەوە کە بەهۆی سوڕی مانگانە نەیتوانیوە بەڕۆژوو بێت تێیاندا، وئێستاش نازانێت چەند ڕۆژ بەڕۆژوو نەبووە، وداوای ڕێنموێنی دەکات ؛ ئێستا چی واجبە ئەنجامی بدات؟ ........................................ ٢٣

پ٣١: ئەگەر ئافرەت تووشی سوڕی مانگانە بێت لەپاش هاتنی کاتی نوێژ، ئەمە حوکمی چیە؟ وئایا واجبە کە ئەو نوێژە قەزا بکاتەوە ئەگەر پاکبوویەوە؟ وهەروەها ئەگەر پاکبوویەوە پێش دەرچوونی کاتی نوێژ، ئەمە حوکمی چیە؟ ........................................ ٢٣

پ٣٢: تووشی سوڕی مانگانە بووم لەکاتی نوێژدا، چی بکەم؟ ئایا ئەو نوێژانە قەزا بکەمەوە کە لەکاتی سوڕی مانگانە نەمکردووە؟ ........................................ ٢٥

پ٣٣: دایکم تەمەنی شەست وپێنج ساڵە، ونۆزدە ساڵە منداڵی نەبووە، وئێستا بۆ ماوەی سێ ساڵە ؛ خوێنبەربوونی هەیە، ئەمیش وادیارە نەخۆشیە لەو ماوەیەدا تووشی بووە، وڕەمەزان وا خەریکە دێت، چۆن ئامۆژگاری دەکەن؟ وچی بکات لەم حاڵەتەدا؟ ........................................ ٢٦

پ٣٤: ئایا حوکمی بوونی ئافرەت چیە لە مزگەوتی حەرام لەکاتێکدا تووشی سوڕی مانگانە هاتووە؛ بۆ گوێگرتنی فەرموودە و وتار؟ ........................................ ٢٧

**لە حوکمەکانی پاکێتی لە نوێژدا ........................................ ٢٩**

پ٣٥: ئایا ئەو تەڕییەی لە ئافرەتەوە دادەبەزێت -ئەگەر سپی یان زەرد بێت- پاکە یان پیسە؟ وئایا واجبە بەهۆیەوە دەستنوێژ بگرێت، ئەگەر بزانرێت بەردەوام دادەبەزێت؟ وئایا حوکمی چیە ئەگەر بە پچڕاوی بێت، بەتایبەت زۆرینەی ئەو ئافرەتانەی زانستیان هەیە ئەمە بە شێ وتەڕبوونێکی ئاسایی دادەنێن، وداواکراو نیە بەهۆیە دەستنوێژ بگرێت؟............................................................ ٢٩

پ٣٦: ئەگەر ئافرەتێک ئەم تەڕییەی بەبەردەوام لێوە بێتە خوار ؛ دەستنوێژ بگرێت بۆ نوێژی فەرز، ئایا دەتوانێت هەرچەندێک بیەوێت نوێژ بکات یان قورئان بخوێنیت بەو دەستنوێژەوە کە نوێژی فەرزی پێوە کردووە هەتاوەکو فەرزی پاشتر؟..........................................................٣١

پ٣٧: ئایا دروستە ئەوئافرەتە نوێژی چێشتەنگاو بکات ؛ بەدەستنوێژی نوێژی بەیانیەوە؟.........٣١

پ٣٨: ئایا دروستە ئەم ئافرەتە بەدەستنوێژی نوێژی عیشاوە ؛ شەونوێژ بکات ئەگەر نیوەی شەو تەواو بوو؟..........................................................................................٣٢

پ٣٩: ئایا کەی کۆتا کاتە بۆ ئەنجامدانی نوێژی عیشا ؟ وچۆن بیزانین؟..................................٣٢

پ٤٠: ئەگەر دەستنوێژ بگرێت ئەو ئافرەتەی کە تەڕیە بە پچڕپچڕی لێیەوە دێتە خوار، وپاش تەواوبوونی دەستنوێژەکەی وپێش نوێژکردن ؛ جارێکی تر دابەزێت، ئایا چی لەسەرە؟...............٣٢

پ٤١: ئایا چی بکات کاتێک ئەو تەڕییە بەر لاشەی یان جلەکەی دەکەوێت؟ ............................٣٢

پ٤٢: سەبارەت بە دەستنوێژ لەو تەڕییە، ئایا تەنها ئەندامەکانی دەستنوێژ بشوات؟.............. ٣٣

پ٤٣: ئایا هۆکاری چیە هیچ فەرموودەیەک نەگێڕدراوەتەوە لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کە بەڵگە بێت لەسەر دەستنوێژ شکاندن بە ئەم تەڕییە، ئەگەرچیش هاوەڵان لەئافرەتان بەپەرۆش بوون لەسەر داواکردنی فەتوا سەبارەت بە مەسەلەکانی ئاینەکەیان؟.................................. ٣٣

پ٤٤: ئافرەتێک دەستنوێژ نەگرێت؛ بەهۆی نەزانینی سەبارەت بە ئەم حوکمە، ئایا چی بکات؟.. ٣٣

پ٤٥: هەندێک دەگێڕنەوە کە تۆ دەڵێیت دەستنوێژ ناگرێت لەپاش دەرچوونی ئەو تەڕییە؟...... ٣٣

پ٤٦: ئایا حوکمی ئەو لێڵاوە چیە کە لە ئافرەتەوە دەردەچێت لەپێش سوڕی مانگانە بەڕۆژێک یان دووان یان کەمتر، ولەوەیە ئەوەی دەردەچێت لەشێوەی تیرێکی ڕەش یان قاوەیی بێت یان هاوشێوەی ئەمانە؟ وحوکمی چیە ئەگەر پاش سوڕی مانگانە دەربچێت؟............................٣٤

**حوکمەکانی سوڕی مانگانە لە حەج وعومرەدا ......................................................... ٣٥**

پ٤٧: ئافرەتی حەیزدار چۆن دوو ڕکاتی ئیحرام بکات ؟ وئایا ڕێگەپێدراوە ئافرەتی حەیزدار ئایەتەکانی قورئان بخوێنێت بەنهێنی یان نا ؟ ..........................................................................٣٥

پ٤٨: ئافرەتێک سەفەری کرد بۆ حەج کردن، وتووشی سوڕی مانگانە بوو لەپاش پێنج ڕۆژ لە ڕۆژی سەفەرکردنی، وپاش گەیشتنی بە میقات ؛ خۆی شۆرد ونیەتی ئیحرامی هێنا، هێشتا لە سوڕی مانگانە پاک نەبووەتەوە، وکاتێک گەیشت بە مەککە لە دەرەوەی حەرەمی پیرۆز مایەوە، وهیچ شتێکی نەکرد لە دروشمەکانی حەج یان عومرە، ودوو ڕۆژ لە مینا مایەوە، پاشان پاکبوویەوە، وخۆی

شۆرد، وهەموو دروشمەکانی عومرەی بە پاکیەوە جێبەجێ کرد، پاشان خوێنەکە هاتەوە لەکاتێک تەوافی ئیفازەی -طواف الإفاضة-ی دەکرد بۆ حەجکردن، بەڵام شەرمی کرد، وبەردەوام بوو لەسەر دروشمەکانی حەجکردن، وئەمەی باس نەکرد بۆ وەلی ئەمرەکەی هەتا گەیشتن بە شارەکەی خۆی، ئەمە مەسەلەیە حوکمی چیە؟........................................................................٣٦

پ٤٩: ئافرەتێک ئیحرامی بەست بۆ عومرە کردن، وپاش گەیشتن بە مەککە ؛ تووشی سوڕی مانگانە بوو، وئەو کەسە نزیکەی لەگەڵێتی ناچارە ڕاستەوخۆ سەفەر بکات، وکەسی نزیکی نیە لە مەککە، ئایا حوکمی ئەم مەسەلەیە چیە؟ ..............................................................................٣٧

پ٥٠: ئایا حوکمی ئەو ئافرەتە مسوڵمانە چیە کە تووشی سوڕی مانگانە دەبێت لەڕۆژەکانی حەجکردنی، ئایا حەجکردنەکەی دروستە؟ ..........................................................................٣٧

پ٥١: فەریزەتی حەجم ئەنجامدا لە ساڵی پێشوو، وهەموو دروشمەکانی حەجم جێبەجێ کرد جگە لە تەوافی ئیفازە -طواف الإفاضة- وتەوافیماڵئاوایی -طواف الوداع- نەبێت، بەهۆی عوزرێکی شەرعیەوە نەمتوانی بیکەم، وپاشان گەڕامەوە بۆ ماڵەکەم لە شاری مەدینە بەنیەتی ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان بگەڕێمەوە بۆ ئەنجامدانی تەوافی ئیفازە وتەوافی ماڵئاوایی -طواف الدواع-، و بەهۆی نەزانینەوە کۆتاییم بە ئیحرامەکەم هێنا وهەموو شتە حەڵاڵەکانم کرد، وهەموو شتێکم کرد کە قەدەغەکراوە بکرێت لەکاتی ئیحرام بەستندا، وپرسیارم کرد سەبارەت بە گەڕانەوەم بۆ تەواف کردن، پێم ووترا: دروست نیە تەواف بکەیت، چونکە تۆ پوچەڵت کردووەتەوە ودەبێت دووبارەی بکەیتەوە -واتا: حەجەکە دووبارە بکەیتەوە جارێکی تر- لەساڵی داهاتوو، لەگەڵ سەربڕینی مانگایەک یان وشترێک، ئایا ئەمە ڕاستە؟ ئایا هیچ چارەسەرێکی تر هەیە؟ ئەگەر هەیە چیە؟ ئایا حەجەکەم پوچەڵ بووەتەوە؟ وئایا دەبێت دووبارەی بکەمەوە؟ وەڵامم بدەنەوە چی لەسەرم واجبە بیکەم، بارک اللە فیکم.....................................................................................................٣٨

پ٥٢: ئافرەتی زەیستانیدار کە تووشی زەیستانی بووە لە ڕۆژی تەرویە -یوم التروية-، وپایەکانی حەجی تەواو کردبێت جگە لە تەواف وسەعی نەبێت، بەڵام تێبینی کرد کە نیشانەکانی پاکبوونەوەی پاش دە ڕۆژ دەرکەوت، ئایا خۆی پاک بکاتەوە وخۆی بشوات، وپایەکەی تر جێبەجێ بکات کە بریتیە لە تەوافی حەج (تەوافی ئیفازە)؟ ........................................................................ ٤٠

پ٥٣: ئافرەتێک ئیحرامی بەستووە بۆ ئەنجامدانی حەج لە (ئەلسەیلەوە: [یان پێی دەووترێت : قەرن ئەلمەنازل] دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی مەککە) لەکاتێکدا تووشی سوڕی مانگانە هاتبوو، وکاتێک گەیشتە مەککە ڕۆیشت بۆ جەدە (شارێکە لە ڕۆژئاوای سعودیە لەکەناری دەریای سوور)؛ بەهۆی پێویستیەک، ولە جەدە پاکبوویەوە، وخۆی شۆرد، وقژی شانە کرد، پاشان بەردەوام بوو لەسەر ئەنجامدانی حەجەکەی، ئایا حەج کردنەکەی دروستە؟ وئایا هیچ شتێکی لەسەرە؟ ................................... ٤١

پ٥٤: من چووم بۆ عومرە، کاتێک گەیشتمە میقات تووشی سوڕی مانگانە بووم، ونیەتی ئیحرام کردنم نەهێنا، ولە مەککە بووم هەتاوەکو پاک بوومەوە، لە مەککەوە ئیحرامم بەست، ئایا ئەمە ڕێگەپێدراوە؟ یان چی لەسەرمە؟ وچی لەسەرم واجبە؟ ........................................................ ٤١

پ٥٥: لە یەنبوعەوە -شارێکە لە سعودیە- هاتم بۆ عومرە لەگەڵ خێزانەکەم، بەڵام کاتێک گەیشتم بە جەدە ؛ خێزانەکەم تووشی سوڕی مانگانە بوو، وە من بەتەنها عومرەکەم تەواو کرد بێ ئەوەی خێزانەکەم لەگەڵدا بێت، ئایا حوکم چیە سەبارەت بە خێزانەکەم؟........................................ ٤٣

پ٥٦: ئایا مەسعا -المسعی- (ئەو شوێنەی حاجیەکان تێیدا سەعی دەکەن -دێن ودەڕۆن- لەنێوان سەفا ومەرەوە) بەشێکە لە حەرەمی پیرۆز؟ ئایا ڕێگەپێدراوە ئافرەتی حەیزدار نزیکی بێتەوە؟ ئایا واجبە لەسەر ئەو کەسەی دەچێتە نێو حەرەمی پیرۆزەوە لە مەسعاوە ؛ دوو ڕکاتی -تحیة المسجد- بکات؟ ........................................................................................................... ٤٤

پ٥٧: حەجم کرد، وتووشی سوڕی مانگانە بووم، شەرمم کرد بە کەس بڵێم، وچوومە نێو حەرەمەوە، ونوێژم کرد، وتەوافم کرد، وسەعیم کرد، ئایا چیم لەسەرە، لەکاتێکدا ئەمە لەپاش تەواوبوونی خوێنی زەیستانی تووشم بوو؟ ................................................................................. ٤٤

پ٥٨: ئەگەر ئافرەت توشی سوڕی مانگانە بوو لەڕۆژی عەرەفە ئایا چی بکات؟ ......................... ٤٥

پ٥٩: ئەگەر ئافرەت تووشی سوڕی مانگانە بوو لەپاش فڕێدانی بەردەکانی -جەمرەتی عەقەبە:جمرة العقبة-، وپێش تەوافی ئیفازە -طواف الإفاضة-، لەکاتێکدا ئافرەتەکە ومێردەکەی پەیوەستن بە کۆمەڵێکی هاوسەفەر، ئایا چی بکات، لەکاتێکدا ناتوانێت بگەڕێتەوە پاش سەفەرکردنی؟...........٤٦

پ٦٠: ئەگەر ئافرەتی زەیستانی پاک بوویەوە پێش چل ڕۆژ ئایا حەج کردنەکەی دروستە؟ وئەگەر پاکێتی نەبینی چی بکات، لەکاتێکدا کە نیەتی حەج کردنی هێناوە؟.........................................٤٦

پێڕست.................................................................................................................. ٤٧

# تنشر الإسلام بأكثر من 100 لغة

IslamHouse.com

مرجعية مجانية إلكترونية
موثوقة للتعريف بالإسلام

موسوعة القرآن الكريم
QuranEnc.com

موسوعة تضم تفاسير وتراجم
موثوقة لمعاني القرآن الكريم

موسوعة الأحاديث النبوية
HadeethEnc.com

موسوعة تضم ترجمات للأحاديث
النبوية وشروحها بعدة لغات

موسوعة المصطلحات الإسلامية
TerminologyEnc.com

موسوعة تضم ترجمات المصطلحات
الإسلامية وشروحها بعدة لغات

منتقى
المحتوى الإسلامي

موسوعة تضم المنتقى من
المحتوى الإسلامي باللغات


جمعية الدعوة
وتوعية الجاليات بالربوة

جمعية خدمة المحتوى
الإسلامي باللغات